# دیموکراسی
# و
# ریفۆرمی سیاسی
## پێداچوونەوەیەکی گشتی ئەدەبییاتەکان

أ.د. محەممەد زاهیر بەشیر ئەلمەغریبی
وەرگێڕانی: یاسین ئاشوور

**پێشەکی:**

پرۆسەکانی بەراوردکردن, بەرجەستەی تەوەر و هەوڵ و کۆششەکانی زانستی سیاسییە بە شێوەیەکی گشتی و بواری بەراوردکاری سیاسی بە شێوەیەکی تایبەت بۆ داڕشتنی تیۆرگەلێکی راڤەیی گشتی دەربارەی دیاردە سیاسییە جیاوازەکان. لە چوارچێوەی ئەم تردایسیۆنەدا, بواری بەراوردکاری سیاسی لە لێکۆڵینەوەی پرۆسیسە سیاسییە هەمەجۆرو بەناویەکداچووەکاندا و بە درێژایی ماوە زەمەنییە جیاوازەکان و لە چوارچێوەی رەوتە هەمەچەشنەکاندا رووبەڕووی گەورەترین تەحەدییەکانی بووەتەوە. هەروەها سەرقاڵییەکی بەردەوام هەبووە بۆ پێویستی دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان وەقائیعە ئەمبریقییەکان و تێگەیشتنی تیۆری و بەیەکەوەگرێدانی پێدراوەکانی واقیع و شیکردنەوەی راڤەیی. ئەم بەیەکەوەگرێدانە پێویستەی نێوان بەڵگە ئەمبریقی و راڤە تیۆرییەکان کارێکی جەوهەرییە بە

نیسبەت بەراوردکاری سیاسییەوە, چونکە بە بێ بوونی بەڵگەی راست و متمانەپێکراو بنەڕەت بۆ بەراورد و دارِشتن و تاقیکردنەوەی تیۆرە راڤەییەکان دانانرێت و بە بێ ئامادەگی تیۆرە راڤەیی و چوارچێوەی شیکاری ئەوا گەڕان بە دوای بەڵگەدا کارێکی هەرەمەکی و بێسەروبەر دەبێت.

ئەم توێژینەوەیە چاو دەخاتە سەر یەکێك لە دیاردە سیاسییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئێستامان (دیموکراسی و رێفۆرمی سیاسی). لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەرووی ئەو ئەدەبییاتانەیە کە تاوتوێی ئەم بابەتەیان کردووە و ئەو دەروازە تیۆرییانەی کە بەکاریهێناوە و ئەو راڤەکردنانەش کە پێشکەشیکردووە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەدەبییاتەکانی دیموکراتیزەکردن هەمەجۆر و هەمەرەنگن و بابەتگەلی جیاواز دەگرێتەوە, هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم توێژنەوەیە بە سروشتی ئەو رێڕەوی تێیدا خراوەتە روو ناتوانێت تاوتوێی کۆی ئەو پرس و بابەتانە بکات کە ئەم ئەدەبییاتە بایەخیپێداوە, بەڵام لە هەمانکاتیشدا پێویستە چاوبخرێتەسەر ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەو پرس و بابەتانەی کە زۆرترین بایەخیان بۆ دیموکراسی و ریفۆرمی سیاسی هەبووە و بە کۆڵەکەی ئەم توێژینەوە دادەنرێت, ئەمەش خاڵێکە رەنگە زۆرێك لە پسپۆڕان و توێژەران کۆك نەبن لەسەری بەڵام سروشتی هەڵبژاردن و دیاریکردن لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەم شێوەیە کە لایەنێکی گەورەی پشت بە پێوەر و تەفزیلاتە خۆبەخۆییەکان دەبەستێت کە توانای دەربازبوونمان لێ نییە و ناکرێت پشتگوێبخرێن.

پرۆسیسەکان دیموکراتیزەکردن یان وەرچەخانی دیموکراسی گرنگترین دیاردە جیهانییەکانی ئەم دواییانەی سەدەی بیستەم بووە. پێش ئەمە ژمارەیەکی کەم سیستمی دیموکراسی لە ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەگی هەبووە. لەبری ئەمە گۆڕەپانی سیاسی پڕبووە لە فۆرمە

جیاوازەکانی سیستمی حوکمڕانی نادیموکراسی کە سیستمی سەربازی و سیستمی تاکحیزبی و سیستمە دیکتاتۆرییە شەخسییەکان دەگرێتەوە.

لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا جیهان شەپۆلێکی نوێی دیموکراسی بە خۆوە بینی کە بە (شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی) ناسرا و لە هەر یەکە لە ئیسپانیا و پورتگال و یۆناندا لە ساڵی (١٩٧٤) دەستیپێکرد و پاشان بۆ هەر یەکە لە ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقادا لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بڵاوبووە و لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمشیدا بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤییەت و هەندێك بەشی ئەفریقا درێژبووەوە (Huntington,١٩٩١). ئەوەی مایەی سەرەنجدانە ئەوەیە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و ناوچەی عەرەبی بە شێوەیەکی تایبەت کەمتر کاریگەربوون بەم شەپۆڵە.

جێکەوتی ئەم جیاوازییە لە پرۆسیسەکانی گۆڕانی دیموکراسیدا پرسیارگەلێکی ورووژاند دەربارەی ئەو هۆ و فاکتەرانەی کە وا لەم پرۆسیسە دەکات لە چەند وڵات و هەرێمێکی دیاریکراودا زیاتر بڵاوببێتەوە و لە هەندێك وڵات و هەرێمی دیکەدا کەمتر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پەرە بە کۆمەڵێك دەروازەی تیۆری درا کە هەوڵیاندا لێکدانەوە بۆ فۆرمەکانی گۆڕانی دیموکراسی و فاکتەر و هۆکارە چوون یەك و جیاوازەکان  لە پرۆسیسەکانی دیموکراتیزەکردندا لە تێکڕای وڵاتان و هەرێمەکاندا بخاتە بەردەست.

لەلایەکی دییەوە لە داتا ئەمبریقییەکانەوە دەردەکەوێت کە دیموکراسی و دامەزراوەکانی دیموکراسی لە نزیکەی یەك لەسەر سێی دیموکراسییەتە تازەکاندا چەسپیوە کە واتە هۆکاری ئەم تێکڕا نزمەی چەسپاندنی (تعزيز) دیموکراسی چییە.؟ ئایا هۆکاری ئەم نزمییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێشتا کاتی پێویست بەسەر پرۆسەی گواستنەوەی (الانتقال) دیموکراسیدا تێنەپەڕیوە.؟ بۆ ئەمە دەکرێت بەراوردی دیموکراسییەتە تازەکان لەگەڵ هەر سێ وڵاتە دیموکراسییەکانی باشووری

ئەوروپادا (ئیسپانیا, پورتوگال, یونان)دا بکەین کە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی لێوەیان دەستیپێکرد. ئاشکرایە کە دیموکراسی و دامەزراوەکانی دیموکراسی لەم سێ وڵاتەدا بە دەیەیەك پاش رووخانی سیستمی دەسەڵاتگەری تێیاندا چەسپاو و پێ قایم بوو بە شێوەیەك کە ئەم تێکڕا خێرایەی چەسپاندنی دیموکراسی لەم سێ وڵاتەدا بە شێوەیەك دەستیپێکرد تەنانەت لە ژێر هەلومەرجی لەبار و گونجاویشدا بە درێژایی مێژوو وێنەی نییە. هەمیشە پێشخستنی دامەزراوەکانی دیموکراسی و چەسپاندنی کاتێکی زۆر و هەوڵ و کۆششێکی زۆر دەخوازێت, بۆ نموونە لە بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە شێوەیەکی پلەیی لە ماوەیەکی زەمەنی دووردرێژدا چەسپا و چەند دەیەیەکی خایاند. (Haynes.٢٠٠١.p.٤).

بە کورتی, هەرچەندە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا پلەیەکی بەرزی گەشانەوە و گەشبینی هەبووە بەوەی کە جیهان گۆڕانێکی یەکلاییکەرەوە بەرەو دیموکراسی بەخۆوە دەبینێت, بەڵام توێژەران کەمتر دڵنیان لەم گۆڕانە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا. پاش دەیەیەك لەدیموکراتیزەکردنی خێراوبۆچوونی توێژەران دەربارەی ئەگەرەکان و هەلی چەسپاندنی دیموکراسی بە شێوەیەکی فراوان جیاوازبوونە. هەندێك لەوانە وادەبینێت کە بەڵگە لەسەر بەردەوامیی پێشکەوتنی دیموکراسی لە تێکڕای ناوچەکانی جیهاندا و لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی بە شێویەکی پلەیی, لە ژمارەیەکی زۆری دیموکراسییەتە تازەکاندا هەیە. لە هەمانکاتیشدا درك بەوە دەکەن ئەمە پرۆسەیەکی درێژ و سەختە و پڕاوپڕە لە رێسك و مەترسی و کێشە. (Karatnycky.١٩٩١). بەڵام هەندێکیتریان پێیانوایە کە بەڵگەی زۆر لەسەر کشانەوەی گەورەی دیموکراسی هەیە لە زۆرێك لەو وڵاتانەی کە بەم دواییانە بە پرۆسەکانی گۆڕان و وەرچەرخانی دیموکراسیدا تێپەڕیوون, بە شێوەیەکی وەها کە دیموکراسی لە ژماریەکی کەمی ئەم وڵاتانەدا نەبێت ریشەی دانەکوتا. لە راستیدا

توێژەری سیاسی (دایمۆند) پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بەڵگەی بەهێزی ئەمبریقی نەك تەنها لەسەر شکستی دیموکراسی هەیە, بەڵکو بەڵگە لەسەر کاری مەترسیدارتر هەیە ئەویش دەرکەوتنی (شەپۆلی پێچەوانە)ی دوور لە دیموکراسی و گەڕانەوەیە بۆ دەسەڵاتگەریتی. (Diamond.١٩٩١) .

لەپێناو بەجێهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی ئەم کێشە و بابەتانەی لای خوارەوە دەکرێت:

١- هەندێك دەروازەی تیۆری هەوڵیانداوە راڤەکردنی زۆر بۆ پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی بخەنەروو (پێشکەشبکەن).
٢- فاکتەر و گۆڕاوە کاریگەرەکان لەپرۆسەی دیموکراتیزەکردندا.
٣- شێوە و فۆرمە جیاوازەکانی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی.
٤- فاکتەر و گۆڕاوە کاریگەرەکان لە پرۆسەی چەسپاندنی دیموکراسیدا.

دواجاریش ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کۆمەڵێك تێبینی کۆتایی پێدێت.

**پێش دەستکردن بە تاوتوێکردنی ئەم بابەتانە پێویستە ئاماژە بە هەندێك تێبینی بکرێت:**

یەکەم: ئەم توێژینەوەیە لەسەر پێداچوونەوەیەکی گشتی ئەدەبییاتەکانی دیموکراتیزەکردن کورتدەبێتەوە بێ رۆچوونە ناو ئەو ئەدەبییاتەی کە تاوتوێی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسییان کردووە لە ناوچەی عەرەبیدا.

دووەم: ئەم توێژینەوەیە دیموکراتیزەکردن و( الدمقرگە) گۆڕانی دیموکراسی و (التحول) گواستنەوەی دیموکراسی (الانتقال) وەك زاراوەی هاومانا بەکاردەهێنێت, کە کۆی مانای هەموویان بریتییە لە پرۆسەکانی وەرچەرخان لە سیستمی دەسەڵاتگەرییەوە بۆ سیستمی دیموکراسی.

سێیەم: ئەم توێژینەوەیە چەسپاندنی دیموکراسی و(الترسیخ)بتەوکردنی دیموکراسی و (التعزیز) ریشەداکوتانی دیموکراسی (التجڑیز) وەك زاراوەی هاومانا بەکاردەهێنێت, ئەمانەش مانای قۆناغێك دەبەخشن کە دامەزراوە و

پرۆسەکردنەکان و بەهاکانی دیموکراسی تێدا نەگۆڕ و سەقامگیردەبن لە سیسیتمی سیاسیدا.

یەکەم: دەروازە تیۆرییەکانی راڤەکردنی دیموکراتیزەکردن

پێداچوونەوەی ئەدەبییاتە گشتییەکانی دیموکراتیزەکردن ئەوە دەردەخات کەسێ دەروازەی سەرەکی تیۆری هەیە بۆ راڤەکردنی دیموکراتیزەکردن و شێوەکانی و ئەو هۆکار و گۆڕاوە کاریگەرییانەی کە تێیدایە.

١.دەروازەی نوێخوازی (التحديثي): ئەم دەروازەیە جەختدەکاتە سەر ژمارەیەك لە داوا و خواستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن, جگە لەوەی کە دیموکراسی لیبراڵی و فراژووبوونی (التنمیە) ئابووری پێکەوە دەبەستێت.

٢.دەروازەی گواستنەوەیی (الانتقالي): ئەم دەروازەیە جەختدەکاتە سەر پرۆسە سیاسییەکان و دەستپێشخەری و هەڵبژاردنەکانی بژاردە (النخبە) بۆ راڤەکردنی پرۆسەی گواستنەوە لە حوکمی دەسەڵاتگەرییەوە بۆ حوکمی دیموکراسی لیبراڵی.

٣.دەروازەی بونیادیی (البنیوی): ئەم دەروازەیەش بایەخ بە کاریگەری گۆڕانی بونیادی هێز و دەسەڵات دەدات لەسەر پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی.

**١.دەروازەی نوێخوازی:**

بۆ یەکەمجار و لە رووکەشدا وا دیارە ئەو ئاراستەیەی کە دیموکراسی و فراژووبوونی ئابووری بەیەکەوەدەبەستێت مەعقولێ و راستگۆیی هەیە, چونکە دەوڵەمەندترین وڵاتانی دونیا وڵاتی دیموکراسین. (ئادەم ئسمیس) لە کتێبەکەیدا (سامانی نەتەوەکان) لە رێگەی بانگەشەکردنیەوە بۆ لیبراڵی سیاسی بەوپێیەی کە مەرجێکی پێویستە بۆ نواندنی کارایی بازاڕ کە بە بزوێنەری گەشەکردنی ئابووری دایدەنا, یەکەمین کەسە گوزارشتی لەم ئاراستەیە کردووە. بە نیسبەت ئادەم ئسمیسەوە ئەو حکومەتەی کە کەمتر حوکمی هەیە باشترین حکومەتە, چونکە

نزمترین رادەی حوکمکردن دەبێتە هۆی ئازادی تاك و کێبڕکێی توانست و تواناکانی گەشەکردنی ئابووری. (Ake, ٢٠٠٠.p.٧٦). بەڵام ئەو چارەسەرە زانستییە ورد و ڕێکوپێکەی کەپەیوەندی بە پێکەوەگرێدانی دیموکراسی بە فراژووبوونەوە هەیە لە میانەی گریمانە و تێزەکانی زانای کۆمەڵناسی سیاسی (لیپسیت S.M Lipset )ەوە دەردەکەوێت. بۆ یەکەمجار لیپسیت تێزەکەی خۆی لە ساڵی (١٩٥٥ز)دا لە نووسینێکدا بە ناوی هەندێك مەرجدانانی کۆمەڵایەتی دیموکراسی: گەشەپێدانی سیاسی و ڕەوایەتی سیاسی) خستەڕوو. لە ساڵی (١٩٦٠)یشدا کتێبەکەی (مرۆڤی سیاسی Political man ) بڵاوکردەوە, کە بە بەناوبانگترین و گرنگترین کتێب دەژمێردرێت دەربارەی ئەم تێزە.

بەگوێرە تێزەکەی لیپسیت, دیموکراسی, بە ئاستی فراژووبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گرێدەدرێت, بۆ دەرەخستنی ئەم پەیوەندییە, لیپسیت هەستا بە پۆلێنکردنی وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەو وڵاتانەی بە زمان ئینگلیزی قسەدەکەن لە ئەمریکای باکوور و ئوسترالیادا بۆ وڵاتە دیموکراسییە سەقامگیرەکان و وڵاتە دیموکراسییە ناسەقەماگیرەکان و وڵاتە دیکتاتۆرییەکان. وڵاتانی ئەمریکای لاتینیشی بۆ وڵاتە دیموکراسییەکان و وڵاتە دیکتاتۆرییە سەقامگیرو وڵاتە دیکتاتۆرییە ناسەقامگیرەکان پۆلێنکرد. پاشان هەستا بە بەراوردکردنی ئەم وڵاتانە بەگۆێرەی سامانەکانیان و پلەی بە پیشەسازیبوون (تصنع) و حەزەری و ئاستی فێرکردن تێیاندا بەو پێیەی کە ئەمانە ئاماژەن لەسەر فەراژووبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی. لەو بەراوردکردنەوە ئەوە دەردەکەوێت کە وڵاتە زۆرتر دیموکراسییەکان لە هەر دوو گرووپەکەدا, خاوەن ئاستێکی بەرزتری گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتین لە چاو وڵاتە دیکتاتۆرییەکان. پشتئەستور بەم بەراوردکردنە لیپسیت گونجاندنی (التگابق) لەنێوان فەراژووبوونی ئابووری و سیستمی دیموکراسیدا سەپاند, ئەو گونجاندنەش دەرەنجامی گەلێك گۆڕاوی کۆمەڵایەتی بوو. لەسەر ئەم بنەمایە فەراژووبوونی ئابووری پەیوەستدەبێت بە

زیادبوونی فێرکردن و هەنگاونان بەرەو بەشداری زیاتر, هەروەها دەبێتە هۆی سوککردنەوەی کارلێکە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە یەکتربڕەکان (المتقاگعە), دڵسۆزی هەمەجۆر دروستدەکات کە کار لەسەر ئاسانکردنەوەی بونیادنانی کۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی دەکات. لە دواجاریشدا فەراژووبوونی ئابووری پەیوەستدەبێت بە گەشەکردن و زیندوێتی ژیانی هاوبەشەکەی(الترابگیە) و کۆمەڵگای مەدەنییەوە. (Lipset.١٩٦٠.p.٣١).

کتێبی (مرۆڤی سیاسی) بە کارێکی پێشەنگ و گرنگ دادەنرێت, بەڵام لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی سنووردارێتی پلەی پێشکەوتنی توێژینەوە چەندایەتییەکانە لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیادا لەو ماوەیەدا. چونکە ئەم کتێبە میتۆدی شیکردنەوەی ئامارییە پێشکەوتووەکان تێیدا نییە و پرۆسەکانی ڕێکخستن و پەڕگیرکردنی (العزلە) شیاو بۆ دیاریکردنی گرنگی بەدیقەت و سنووردارێتی گۆڕاوەکان لەخۆناگرێت. سەرباری نەبوونی سەلماندنی پەیوەندییە هۆگەراییەکان لەو توێژینەوەیەدا, بەڵام لیپسیت وادادەنێت کە گەشەکردنی ئابوورییە بووەتە هۆی دیموکراسی. (Diamons.١٩٩٢.p.٤٥).

ئەم تێزە لە دواتردا بە بەکارهێنانی میتۆدگەلی بەدیقەتتر و توندتر و شێوازی ئاماری پێشکەوتووتر کەوتە بەر توێژینەوە و پشکنینەوە. لە نموونەی ئەم جۆرە توێژینەوانەش: توێژینەوەکەی(کولمان١٩٩٢.Coleman)ە کەبوونی پەیوەندی و پشتبەیەکتربەستنی ئاڵوگۆڕکاری لەنێوان دیموکراسی و فەراژووبووندا سەلماند, بەڵام نەیتوانی پەیوەندی هۆگەرایەتی لەنێوانیاندا بسەلمێنێت. هەروەها (کەترایت Cutright.١٩٦٣)یش پەیوەندییەکی باڵای لەنێوان ئاماژەکانی سەقامگیری سیاسی و (چوار ئاماژە) فەراژووبووندا دۆزییەوە, ئەو چوار ئاماژەیەش بریتیە لە (پێشکەوتنی میکانیزمەکانی پەیوەندیکردن و حەزەری و فێرکردن و بەپیشەسازیبوون). زۆرێك توێژینەوەی دیکەش ئەنجامدرا بۆ بەجێهێنانی پەیوەندییەکانی هۆگەرایەتی کە تێزە بنەڕەتییەکەی لیپسیت گریمانەی کردبوو.

(بۆلین و جاكمان Bollen and Jakman.١٩٨٥)یش له رێگەی شیكردنەوەی ئاماریی پێشكەتووەوە بۆ كۆمەڵێك فاكتەر و گۆڕاو گەیشتنە هەمان دەرەنجام, كە هەمیشە لە ناو چوارچێوەی سنووردارێتییە دیموكراسییەكاندا دادەنرێت, هەروەها ئەوەیان دۆزییەوە كە فەراژووبوونی ئابووری گرنگترین دیاریكەرە (محدد) لەچاو هەموو گۆڕاوەكانی دیكە. ئەمەش لە توێژینەوەیەكی دواتردا كە هەر یەكە لە (لیپسیت و سیونگ و تورنز Lipset, Seong and Torres) كە هەستان بە دووبارە شیكردنەوەی توێژینەوەكانی پۆلێن و جاكمان دووپاتكرایەوە و چەختی لەسەركرایەوە.

لەلایەكی دیكەوە, توێژینەوە گەلێكیتر ئەنجامدرا بۆ سەلماندنی كاریگەری پۆزەتیڤی دیموكراسی لەسەر فەراژووبوونی ئابووری. هەر یەكە لە (گرووسمان و نوح Grossman and Noh.١٩٨٨) ئاماژەیانكردووە بەوەی كە سیستمی دیموكراسی, سەردەستەكان (الحاكمین) ناچاری لێپرسینەوە دەكات لە بەردەم ژێردەستەكاندا (المحكومین), ئەم لێپرسینەوەش پاڵیانپێوەدەنێت كە دەرامەتەكان بە لێهاتوویی و چالاكییەوە بەكاربهێنن بۆ دەسەبەركردنی بەردەوامیان لە فەرمانڕەواییكردندا. هەروەها (رۆبەرت داهل Dahl, ١٩٧١) لە چوارچێوەیەكی هاوشێوەدا بە ماوەیەك زووتر پێش (گروسمان و نوح) ئەوەی روونكردووەتەوە كە دیموكراسی وادەكات فەرمانڕەواكان هەستن بە خستنەكارەوەی دەرامەتەكان بە رێگەیەك كە باشترین گەشەكردن و بەرهەمهێنان بەدەستبخات. (ئۆلسۆن Olson. ١٩٩١)یش وادادەنێت كە دیموكراسی فەرمانڕەواكان پابەنددەكات دووربكەونەوە لە هەوڵدان لەپێناوی بەجێهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانیان و دووربكەونەوە لە خۆپەرستی, هەروەها دیموكراسی داڕشتنی سیاسەتە گشتییەكانیان بەسەردا دەسەپێنێت كە دەبێتە مایەی بەجێهێنان و خزمەتكردنی بەرژەوەندی گشتی, ئەمەش لەپێناوی دەسەبەركردنی بەردەوامی لایەنگری و رەزامەندی میللی بۆ خۆیان.

(بهالا Bhala.١٩٩٢)ش هەستا بە پێشکەشکردنی دەروازەیەکی جیاواز دەربارەی پەیوەندی دیموکراسی و فەراژووبوونی ئابووری. وادادەنێت کە دیموکراسی شێوەیەکە لە شێوەکانی فەرمانڕەوایی و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئازادییەوە هەیە. لێرەوە (بهالا) لە جیاتی تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان فەراژووبوونی ئابووری و دیموکراسی هەستا بە تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان فەراژووبوونی ئابووری و ئازادی, ئازادیش بە هەر دوو لایەنە (سیاسی و ئابوورییەکەیەوە. (بهالا) وادەبینێت کە لەبەرئەوەی توێژینەوەکانی پێشوو هەڵنەساون بە دابڕینی کاریگەری ئازادی ئابووری ئەوا بە شێوەیەکی شیاو هەڵنەساون بە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان فەراژووبوونی ئابووری و ئازادی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە, (بهالا) ئاماژەی بە ئەگەری پەیوەندی هاوکاتی لەنێوان فەراژووبوونی ئابووری و ئازادیدا داوە, گریمانەی ئەوە کردووە کە ئازادی دەبێتە هۆی فەراژووبوونی زۆرتری ئابووری کە لە دواجاردا دەبێتە مایەی زیاتری ئازادی. (بەهالا) ئەم پەیوەندییە هاوکاتییەی بە نموونەی بیرکاری روونکردەوە و گەیشتە ئەوەی کە بەچاوپۆشین لە چۆنێتی پێوانی ئازادی و بەچاوپۆشین لە چۆنێتی پێناسەکردنی گەشەکردن, پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ و بەهێزە لەنێوان هەردوکیاندا هەیە. (Bhlla.١٩٩٤.).

**٢- دەروازەی گواستنەوەیی (الانتقالی)**

لە لایەن توێژەری سیاسی (دانکۆرت رۆستۆ Dankwart Rustor) تیۆرەکەی لیپسیت و دەروازەی نوێخوازی (التحدیپی) بە شێوەیەکی گشتی رووبەرووی تەحدایەکی گەورە و گرنگ بووەوە. لە نووسینێکدا بە ناوی (Transition of democracy) (رۆستۆ) ئاماژەدەکاتە ئەوەی کەپەیوەندییەکانی نێوان فەراژووبوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیموکراسی کە لیپسیتو ئەوانیدیکە گریمانەی کردووە لە بنەڕەتدا پاڵنراوە بۆ گرنگیدان بەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەردەوامی و چەسپاندنی دیموکراسی. لە کاتێکدا

بایەخپێدانی (رۆستۆ) و ئەوانیدیکە لە دەوری چەند پرسیارێکی جیاواز سەنتەر دەگرێت, کە بریتییە لە چۆنێتی بەجێهێنانی دیموکراسی لە پێگەی یەکەمدا. (Andrson.١٩٩٩.pp,١٤-١٧).

(رۆستۆ) پیٚ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەم جۆرەی دوای پرسیارکردنەکان و بایەخپێدانەکان دەرەوازەیەکی پێشکەوتوویی مێژوویی دەخوازێت کە دیدگایەکی(منقور) هەمەکی بۆ شیکردنەوەی بارە جیاوازەکان بەکاردەهێنێت, بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەمە بنەڕەتێکی باشتر بۆ شیکردنەوە فەراهەمدەکات نەك تەنها گەڕان بە دوای مەرج و داواوخواستە وەزیفییەکانی دیموکراسیدا. بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی بەراوردکردنی مێژوویی بۆ تورکیا و سوید, (رۆستۆ) رێڕەوێکی گشتی دیاریکردووە کە تێکڕای وڵاتان لە میانەی پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا شوێنی دەکەون. ئەم رێڕەوەش لە چوار قۆناغی بنەڕەتی پێکدێت: (Lbid.pp,٢٦-٣٣).

قۆناغی یەکەم: قۆناغی بەجێهێنانی یەکێتی نیشتمانی, کە باکگراوندی مەرجەکان پێکدەهێنێت (Back ground condition). مەبەستی (رۆستۆ )لە بەجێهێنانی یەکێتی نیشتمانی مانای هەبوونی کۆدەنگی و رێککەوتنی گشتی ناگەیەنێت, بەڵکو مەبەستی لێی تەنها دەستکردنە بە پێکهێنانی شوناسێکی سیاسی هاوبەش لای زۆرینەی هەرە زۆری هاوڵاتییان.

قۆناغی دووەم: کۆمەڵگەی نەتەوەیی (المجتمع القومی) بە قۆناغێکی ئامادەکاریدا تێپەڕدەبێت (Preparation phase) کە بە ململانیٚ سیاسییە درێژەکان و بنبەست نەبووەکان جیادەکرێتەوە, وەك ئەو شیوە ململانێیەی کە لە ئەنجامی زیادبوونی گرنگی بژاردەی پیشەسازی نوێیەوە لە میانەی پرۆسەی بەپیشەسازیبوندا دروستدەبێت و داوای رۆڵ و پێگەی کاریگەر دەکات لە گۆمەڵگای سیاسیدا لە رووبەڕووی بژاردەی تەقلیدی باڵادەستدا کە هەوڵی پاراستنی بارودۆخی باڵادەست دەدات. سەرباری تەفاسیلە مێژووییەکانی

حاڵەتەکانی ململانێ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیدیکە, هەمیشە ململانێیەکی سەرەکی و تیژ لەنێوان گرووپە ناکۆکەکاندا هەیە, واتە دیموکراسی لە نێو منداڵدانی ململانێدا لەدایکدەبێت, بەڵکو تەنانەت لە هەناوی توندوتیژیدا, نەك دەرئەنجامی پێشکەوتنی ئاشتیانە بێت. ئەمەش ڕاڤەی کەمتوانایی دیموکراسی لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا و نەتوانینی زۆرێك لە وڵاتان دەکات لەسەر تێپەڕاندنی قۆناغی ئامادەکاری بۆ قۆناغی گواستنەوە و وەرچەرخانی مەبدەئی. دەشێت ململانێکە هێندە توند بێت ببێتە هۆی پارچەپارچەکردنی یەکێتی نیشتمانی یان ببێتە هۆی زیادبوونی هێزی یەکێك لە گرووپەکان بەسەر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا زاڵبێت و کۆتایی بە ململانێی سیاسی لە بەرژەوەندی خۆی بهێنێت و ڕێگەبگرێت لە بەردەم گۆڕانی دیموکراسیدا.

قۆناغی سێیەم: پرۆسەی گواستنەوە و گۆڕانی مەبدەئی لە قۆناغی سێیەمدا دەستپێدەکات, ئەویش قۆناغی بڕیاردانە (Decision phase), ئەوەش چرکەساتێکی مێژووییە کە لایەنەکانی ململانێی سیاسی نابن بەستبوو تێدا بڕیاردەدەن بگەنە چارەسەر و دامەزراندنی بنەمای دیموکراسی کە مافی بەشداری دەداتە هەمووان لە کۆمەڵگای سیاسیدا.

قۆناغی چوارەم: پرۆسەی گواستنەوە و گۆڕانی دووەم لە قۆناغی چوارەمدا ڕوودەدات, قۆناغی ڕاهاتن (التعهود Habituation ). (ڕۆستۆ) وادەبینێ کە بڕیاری دەستگرتن بە بنچینەکانی دیموکراسییەوە لە میانەی (چرکەساتی مێژوویدا) بڕیاریکە دەشێت دەرئەنجامی هەستکردنی لایەنە ناکۆکەکان بێت بە پێویستی گەیشتن بە چارەسەر و ڕێکەوتنی مامناوەندی, نەك دەرئەنجامی باوەڕ و ئارەزووی ئەم لایەنانە بێت بە دامەزراندنی بنچینەکانی دیموکراسی. کە ئەمە بە شێوەیەکی دایکرۆنی و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لایەنە جیاوازەکان لەسەر ئەم بنچینانە ڕادێن و لەگەڵیدا دەگونجێن. نەوەی یەکەمی لایەنە ناکۆکەکان دەشێت بە شێوەیەکی بە ئازار و بە حوکمی پێوستی بنچینەکانی دیموکراسی قبوڵبکەن. بەڵام نەوەی نوێی

بژاردەی سیاسی راهاتووتر و بە قەناعەتتر باوەڕدارن بە بنچینەکان دیموکراسی. لەم بارەشدا دەتوانرێت بوترێت دیموکراسی لە کۆمەڵگای سیاسیدا چەسپیوە. ژمارەیەکی زۆر (زانای بایەخدەر بە راڤەکردنی پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردن) هەستان بە پەرەپێدانی دەروازە (گواستنەوەیی)ەکەی رۆستۆ. لە گرنگترین ئەم هەوڵانەش توێژینەوەکەی (گویلرمو ئۆ دونیل G.O.Donnell هاوەڵەکانێتی ١٩٨٦) بە ناونیشانی (Transition from Authortarian Rule)و توێژنەوەکەی (سکوت مینویریگ Scot Mainwarng) هاوەڵانی (١٩٩٢) بە ناوی (issuses in demcratic consolidation)و توێژینەوەکەی (یوسی شین Yossi Shain و جوان لینزJuan Linz ) (١٩٩٥) بە ناونیشانی ( Between States: interin convernments and Democrtic Consolidation).

هەموو ئەو توێژەرانە بە شێوەیەکی روون, وەکو چۆن رۆستۆ کردی, جیاوازی دەکەن لەنێوان قۆناغی گواستنەوە و گۆڕانی مەبدەئی لە حوکمی دەسەڵاتگەرێتی واتە لیبرالیزەکردنی سیاسی) و لەنێوان چەسپاندنی دیموکراسی لیبراڵدا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەپرۆسەکانی گواستنەوەی مەبدەئی هەندێکجار دەچەسپێت و سەردەکەوێت, بەڵام لە زۆر جاریتریشدا شکستدەخوات و پەرشوبڵاودەبێتەوە. پرۆسەی لیبرالیزەکردنی سیاسی لە ناو سیستمی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتگەریدا بە سووککردنەوەی کارە کوشتوکوشتارییەکان و رێگەدان بە هەندێك ئازادی مەدەنی دەستپێدەکات. بەڵام ئەم جموجووڵانە بە پێویست نابنە هۆی بەجێهێنانی دیموکراسی, چونکە دەکرێت پرۆسەکانی لیبرالیزەکردن لەباربرێت و سەرلەنوێ حوکمی کوشتوبڕی بگەڕێتەوە. هەرکە پرۆسەی لیبرالیزەکردن کورژم و فراوانی و هیز و جدییەتێکی بەدەستخست, ژمارەیەك لە کارەکتەری سیاسی چالاك دێتە ناو کارلێکی مێژووییەوە لەنێوان سیستمی دەسەڵاتگەرێتی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا. بە لەبەرچاوگرتنی هەبوونی توندڕەو و میانڕەو لە ناو سیسیمی

دەسەڵاتگەری ئۆپۆزسیۆنەکاندا, ئەوا شێوە و سروشتی کارلێکردن کاردەکاتە سەر ڕێڕەو و ئەنجامگیرییەکانی پرۆسەی گواستنەوە و گۆڕانی دیموکراسی. بەڵگەکانی بەراوردکردن لە ئەمریکای لاتیندا ئەوە ڕووندەکەنەوە کە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی دەچەسپێنێت ئەگەر هاتوو ئەم پرۆسانە لە ژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانی میانڕەوەکانی هەر دوو لایەنەکەدا بێت. (Potter.et.al.١٩٩٧.p,١٥)

لە ماوەی قۆناغی چوارەمدا (قۆناغی راهاتن) پرۆسەی گواستنەوەی دووەم لە حکومەتە کاتییەکان و لیبرالیزەکردنی مەبدەئییەوە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی, ڕێڕەوگەلێکی مێژوویی بەناویەکداچوو لەخۆدەگرێت و بە پلەیەکی بەرزی دڵنیایی جیادەکرێتەوە, هەروەها کارەکتەر سیاسییە پابەندەکانیش بە دیموکراسییەوە رۆڵێکی یەکلایکەرەوە و جەوهەری دەگێڕن بۆ سەرکەوتنی لەم قۆناغەدا. هەرچەندە ئەم کارەکتەرە سیاسیانە هەمیشە کەمایەتی پێکدەهێنن, بەڵام چەند فاکتەرێکی دیاریکراو لە بەرژەوەندییاندا جەمدەبێت, لە گرنگترین ئەم فاکتەرانە ئەوەیە کە زۆرینەی هاوڵاتیان, تەنانەت ئەگەر بە پێویستیش پابەستنەبن بە دیموکراسییەوە گەڕانەوەی سیستمی دەسەڵاتخوازیان ناوێت کە لە ژێر سایەیدا دەچەوسانەوە. بە شان ئەمەشەوە لەسەر ئاستی جیهان گوتاری سیاسی دەسەڵاتگەری لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە گوتاری دیموکراسی لاوازترە. بە هۆی ئەم دەستکەوتانەوە بژاردەی دیموکراسی ژمارە کەم دەتوانێت کۆمەڵگای سیاسی بەرەو چەسپاندنی دیموکراسی بەرێت ئەگەر توانی هەستێت بە دەستنیشانکردنی ئەو کارەکتەرە سیاسیانەی کە خاوەن بۆچوون و ئاراستەی دەسەڵاتگەریی توندڕەون. هەروەها هاندانی ئەو کاروکردەوانەی کە لەگەل بەجێهێنانی دیموکراسیدا کۆكو تەبایە, هەروەها زیادکردنی ژمارەی کارەکتەرە دیموکراسییەکان و بەخشینی ئەولەوییەت بەو ستراتیژەی کە ڕێگە لە ئاسانکردنی گەڕانەوەی حوکمی

دەسەڵاتگەری دەگرێت بەسەر هەموو ستراتیژەکانی دیکەدا, تەنانەت کێبڕکێی نێوانیشیان (Odonnell,١٩٩٢.p.٢٢).

بە کورتی, لایەنگرانی دەروازەی گواستنەوەیی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێرەوی مێژوویی دیموکراسی لیبراڵی بە شێوەیەکی جەوهەری لە ڕێگەی دەستپێشخەری و کردەوەکانی بژاردەوە دیاریدەکرێت نەك لە ڕێگەی بونیادی هێزە گۆڕاوەکانەوە. بەڵام دەستپێشخەری و هەڵبژاردنەکانی بژاردە هەرگیز لە بۆشاییدا ڕوونادات, چونکە ئەو دەستپێشخەری و هەڵبژاردنانە تا ڕادەیەك لە بونیادە جەمبووەکان- کۆمەڵێك بەربەستی سروشتی و کۆمەڵایەتی, کۆمەڵێك هەلی گۆڕاو, کۆمەڵێك پێوەر و بەها- پێکدێت کە دەتوانێت کاربکاتە سەر ناوەڕۆك و ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی بژاردە.

**٣- دەروازەی بونیادیی (المدخل البنوی):**

لێکدانەوەکانی دەروازەی بونیادی پشت بە پرۆسەکانی گۆڕانی مێژوویی مەودادرێژ دەبەستێت. بەڵام ئەم دەروازەیە بە پێچەوانەی دەروازەی گواستنەوەییەوە, پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی لە ڕێگەی ڕۆڵ و کرداری بژاردەی سیاسییەوە لێکناداتەوە, بەڵکو بە گوێرەی بیرۆکە و چەمکی (بونیادی گۆڕاوی هێز و دەسەڵاتەوە) لێکدەداتەوە.

لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ژمارەیەك بونیادی هێز و دەسەڵات هەیە کە ڕەفتاری تاکەکان و بژاردە و دروستبوونی بیرۆکەکانیان لە کۆمەڵگا کۆتدەکات. بونیادی هێز و دەسەڵات بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە تاکەکان بوونی دەبێت و چالاکییەکانی کۆتدەکات و لە هەمانکاتیشدا هەندێك هەلی بۆ دەڕەخسێنێت. لەلایەکیدیکەوە, تاك بەشێکە لەو بونیادە بۆماوەیەی ڕابردوو و لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بەشداری لە بەردەوامبوونیدا دەکات (Giddens.١٩٩٣.pp.٧٢٠-١).

گریمانەی بنەڕەتی دەروازەی بونیادی پشتدەبەستێت بەوەی کە کارلێکە گۆڕاوەکانی بونیادی دەسەڵات و هێز – ئابووری, سیاسی, کۆمەڵایەتی- بە شێوەیەکی دایکرۆنی کۆمەڵە بەربەستێك دادەنێت و هەلگەلێکیش دەرەخسێنێت, کە لە هەندێك باردا پاڵ بە بژاردەی سیاسی و ئەوانیدیکەوە دەنێت لە ڕێڕەوێکی مێژووییدا رابەرایەتی دیموکراسی لیبراڵی بکەن. لە هەمانکاتدا لە هەندێك رەوش و باریتردا پەیوەندی و کارلێکەکانی بونیادی هێز و دەسەلات سەردەکێشێت بەرەو ڕێڕەوی سیاسیدیکە. لەبەرئەوەش کە بونیادی هێز و دەسەلات بە شێوەیەکی پلەبەپلە لە ماوە مێژووییە درێژەکاندا دەگۆڕێت, ئەوا لێکدانەوەی دەروازەی بونیادی بۆ پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی مەودا درێژ دەبێت.

توێژینەوە کلاسیکییەکانی دەروازەی بونیادی لە توێژینەوەکەی (بارینگتۆن مور Barington moore) دا بە ناوی ( Social Origins of Dictatorship and democrac ١٩٦٦)دا بەرجەستەدەبێت: ئەم توێژینەوەی مور چڕدەبێتەوە لەسەر هەوڵی راڤەکردنی جیاوازی ئەو ڕێڕەوە سیاسییەی کە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (ڕێڕەوی دیموکراسی لیبراڵی) گرتیانەبەر لەو ڕێڕەوەی کە یابان و ئەلمانیا (ڕێڕەوی فاشیزم) شوێنی کەوتن و ئەو ڕێڕەوی کە هەر یەکە لە چین و رۆسیا بۆی رۆیشتن (ڕێڕەوی شۆڕشی کۆمۆنیستی), لە ماوەی پرۆسەی پلەیی گۆڕانی دیموکراسی لە کۆمەڵگای کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن لەنێوان سەدەی حەڤدەهەم و ناوەڕاستی سەدەی بیستەهەمدا .ئەم نزیکارییەی مور بۆ ئەم بابەتە پشتی بەستووە بە بەراوردی مێژوویی ئەم وڵاتانە بەلام نەك لە ناو چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکانی بژاردەدا, بەڵکو لە چوارچێوەی پەیوەندییە کارلێکاریەکانی چوار بونیادی گۆڕاوی هێز و دەسەلات, سێ لەو بونیادە گۆڕاوەی هێز و دەسەلات, چینە کۆمەلایەتییەکان بووە – جوتیاران- چینی خاوەن زەوییە ئەرستۆکراسەکان, بۆرژوازی شارنشینی (الحچری) , بونیادی چوارەمیش لە دەوڵەتدا بەرجەستە بووە.

یەكەمین ئەنجامێك كە (مور) پێیگەیشتووە ئەویە كە بە شێوەیەكی گشتی, ڕێڕەوی سیاسی دیموكراسی لیبراڵی دەرەنجامی شێوازی هاوبەشی پەیوەندییە گۆڕاوەكانی نێوان جوتیاران و گەورە خاوەندارەكانی زەوی وبۆرژوازیی شارنشینی و دەوڵەت بووە. (مور) پێنج مەرجی گشتی بۆ فەراژووبوونی دیموكراسی داناوە: (Moore.١٩٦٦.pp.٤٣٠-١):

١-پێشكەوتنی حاڵەتی هاوسەنگی كە ڕێگر بێت لە بەردەم بوونی دەوڵەتێكی بەهێزی زیاد لە پێویست, هەروەها ڕێگریش بێت لە بەردەم گەشەكردنی چینی ئەرستۆكراسی خاوەن زەوی خاوەن سەربەخۆیی زیاد لەپێویست

٢-گۆڕان بەرەو شێوەیەكی گونجاو لە كشتوكاڵی بازرگانی

٣-لاوازكردنی ئەرستۆكراسیی زەوی

٤-ڕێگرتن لە دروستبوونی هاوپەیمانی لەنێوان بۆرژوازی و ئەرستۆكراسیدا لە بەرامبەر هاوپەیمانی كرێكاران و جوتیاراندا

٥-دەستبەرداربوونی دەستبەجێ لە رابردوو بەسەركردایەتی بۆرژوازییەت.

بە پێچەوانەوەی ئەمانەوە, فاشیزم لە ناو بارودۆخێكدا سەریدەرهێنا كە تا رادەیەك بۆرژوازی حەزەری تێدا لاواز بوو و پشتی بە هێزە ئەرستۆكراسە بالادەستەكان بەسەر دەولەتدا بەستبوو بۆ تەمویلكردنی كشتوكاڵی بازرگانی. شۆڕشە كۆمۆنیستیەكانیش لە ناو بارودۆخێكدا روویاندا كە بە لاوازی بۆرژوازی حەزەری و ملكەچی بۆ هەژموونی دەوڵەت جیادەكرایەوە, هەروەها پەیوەندییەكانی نێوان گەورە خاوەندارانی زەوی و جوتیارانیش لاوازبوون, هەروەها شكستی گەورە خاوەندارانی زەوی لە گۆڕینی كشتوكاڵ بۆ كشتوكاڵی بازرگانی, جوتیارەكانیش یەكگرتووبوون و هاوپەیمانی خاوەن لێهاتوویی ڕێككخستنیان بۆ خۆیان دۆزییەوە.

شیکردنەوەکەی (موور) تارادەیەکی گەورە رۆڵی کارلێکە نێودەوڵەتییەکان و بان نەتەوەییەکان- لە ناویشیاندا جەنگ- لە دیاریکردنی ئەو رێڕەوەی کە وڵاتە جیاوازەکان دەیگرنە بەر پشتگوێخستبوو, هەروەها بایەخێکی گەورەی نەداوە بە کاریگەرییەکانی گەشەکردنی چینی کرێکار یاخود کرێکاری پیشەسازی. (دیتریك رۆشمایەر Deitrich Rueschemexer) و هاورێکانی لە ساڵی (١٩٩٤) هەستان بە چارەسەکردنی ئەم کەموکوڕییە, لە رێگەی شیکردنەوەی بەراوردکردنی مێژوویی بۆ وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان و وڵاتانی ئەمریکاری لاتین و ئەمریکای ناوەڕاست و وڵاتانی دەریای کاریبی, ئەم فاکتەرانانەیان لە شیکردنەوە و راڤەکردنە بونیادییەکاندا تێکەڵکرد.

لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوەی بەراوردکردنی مێژووییە, (رۆشمایەر و هاوەڵانی) چەخت لەوە دەکەنەوە کە رۆیشتنی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی بە شێوەیەکی جەوهەری بە هاوسەنگی هێزی چینەکی پێکدێت و ململانێی نێوان چینە باڵادەستەکان و چینە ژێردەستەکان دەربارەی مافی خۆیان لە حوکمدا لە هەموو هۆکارێکیدیکە زیاتر لە ناو چوارچێوەی ئەجیندەی سیاسیدا کار لەسەر بارودۆخی سیاسی دەکات و ئەگەرەکانی دیاریدەکات. (Rueshemyer.et.al.١٩٩٢.p.٤٧).

بە شێوەیەکی مێژوویی, دینامیکیە گۆڕاوەکانی هێزی چینەکی کاری کردووەتە سەر بەرگری (المقاومە) پرۆسەی دیموکراتیزەکردن یان پاڵنانی بەرەو پێشەوە. (رۆشمایەر و هاوەڵانی) لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ئاراستە جیاوازەکانیان بەرامبەر دیموکراسی جیاوازیانکردووە لەنێوان پێنج چیندا: ئەو پێنج چینەش بریتین لە (گەورە خاوەندارانی زەوی, چینی جوتیاران, چینی کریکارە شارییەکان, چینی بۆرژوازی بازرگانی, چینی بۆرژوازی پیشەسازی, چینی پیشەیی مام ناوەند. لەلایەکیترەوە, هەڵوێست و ئاراستەی هەر چینێك بەرامبەر بە

دیموکراتیزەکردن ناکرێت بە دوور لە هەڵوێست و ئاراستەی چینەکانیدیکە شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

رەنگە هاوپەیمانییە چینایەتییە هەمەجۆرەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا ببێتە پشتیوانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن یاخود ببێتە مایەی کۆسپ و تەگەرە دروستکردن لە بەردەم دیموکراتیزەکردندا. هەروەها گۆڕانەکانی بونیاد و فۆرمی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت فاکتەرێکی جەوهەرییە بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردن. هەلی سەرکەوتنی پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی لە کۆمەڵە حاڵەتێکدا چەسپاوە کە دەوڵەت تێیدا لە رووی هێزە چینەکییەکانی ناو کۆمەڵگادا زۆر بە هێز یان زۆر لاواز نەبووە. لەلایەکیترەوە, بە درێژایی مێژوو فەراژووبوونی سەرمایەداری بووەتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز و هەروەها بووەتە هۆی گەشەکردنی پارتە سیاسییەکان وەك هێزێکی هاوسەنگ بەرامبەر بە هێزی دەوڵەت. ( Potter et ai.,pp,٢٤-٣١).

بە کورتی, راڤەکردنەکانی دەروازەی بونیادی پشت بە گریمانەیەك دەبەستێت کە رێڕەوی هەر وڵاتێك بەرەو دیموکراسی یان بەرەو هەر شێوەیەکی سیاسی دیکە, بە شێوەیەکی جەوهەری بە بونیادە گۆڕاوەکانی چین‌و دەوڵەت و هێزە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییە کاریگەرەکان بە شێوازی فەراژووبوونی سەرمایەداری دروستدەبێت و دیاریدەکرێت, نەك لە رێگەی دەستپێشخەری و هەڵبژاردنەکانی بژاردەوە. هەرچەندە بژاردەی سیاسی هەڵدەسێت بە دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی دیاریکراو, بەڵام ئەمانە لە رێگەی ئاماژەدانەوە نەبێت بە کۆسپ و هەڵە بونیادییەکانی چواردەوریانەوە راڤە ناکرێن.

**دووەم: فاکتەرە کاریگەرەکان لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا**

سەرباری ئەوەی هەر دەروازەیەك لەو سێ دەروازەیەی راڤەکردنی روودانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە هەندێك وڵاتدا و روونەدانی لە هەندێکیدیکەدا پشت بە ژمارەیەکی جیاوازی فاکتەرە پێکەوەبەستراوەکان دەبەستن, بەڵام هەر سێ

دەروازەكە كۆكن لەسەر دیاریكردنی كۆمەڵێك فاكتەری راڤەیی هاوبەش, گەر چی بە رێگەی جیاوازیش بێت. (Pottre.et.al.١٩٩٧.p.٢٤-٣١)

**١- فەراژووبوونی ئابووری**

تێكڕای لێكدانەوەكانی دیموكراتیزەكردن بە فاكتەرێكی راڤەیی گرنگ ئاماژە دەكەنە فەراژووبوونی ئابووری. بە نسبەت هەر یەكە لە (لیپسیت و دایمۆند و ئەوانیدیكەوە) كە لە چوارچێوەی دەروازەی نوێخوازیدا كاردەكەن, پەیوەندییەكانی (الارتباكات) نێوان فەراژووبوونی ئابووری و پرۆسەی گۆڕانی دیموكراسی گەلێك گرنگە. (مور و رۆشمایر و) ئەوانیتریش وادەبینن كە فەراژووبوونی ئابووری, كە لە بنەڕەتدا فەراژووبوونی سەرمایەدارییە, بە شێوەیەكی جەوهەری ئەو رێڕەوە مێژووییە پێكدەهێنێت كە وڵاتە جیاوازەكان رووەو دیموكراسی لیبراڵی یاخود رووەو هەر شێوەیەكی سیاسیتر دەیگرنەبەر. بەڵام لە روانگەی هەر یەكە لە (رۆستۆ و ئادۆنیل و لینز)و ئەوانیترەوە ئەوانەی كە لە چوارچێوەی پرۆسە گواستنەوەییەكاندا دیموكراتیزەكردن راڤەدەكەن, فەراژووبوونی ئابووری پاڵنەر و هۆكارە بۆ بزواندنی بژاردە ناكۆكەكان بۆ داڕشتنی چارەسەرە دیموكراسییەكان. هەروەها هەر سێ دەروازەكە بڕیاری ئەوە دەدەن كە قەیرانە ئابوورییەكان, وەك ئەو قەیرانەی ئەوروپا كە لە ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی یەكەم و دووەمی سەدەی بیستەمدا روویدا, دواكەوتنی زۆر توندیش وەك بارودۆخی بیابانی باشووری ئەفریقیا, كە رەوتێكی هاندەری بۆ دیموكراسی دروستنەكرد, دەبنەهۆی شكستپێهێنانی دیموكراسی لیبراڵی.

**٢- دابەشبوونە كۆمەڵایەتییەكان**

بە گوێرەی دەروازەی نوێخوازی و دەروازەی بونیادی, فەراژووبوونی ئابووریی سەرمایەداری دەبێتە هۆی گۆڕانی دابەشبوونە چینایەتییەكان لە كۆمەڵگادا, ئەمەش فاكتەرێكی گرنگە بۆ شیكردنەوەی ئەوەی كە بۆچی هەندێك لە وڵاتان

رووەو دیموکراسی لیبراڵی هەنگاو دەنێن لە کاتێکدا هەندێك وڵاتیدیکە ئەم کارە ناکات. (لیپسیت) بڕیاری ئەوە دەدات کە فەراژووبوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێتە هۆی گەشەی چینی ناوەند کە بەهاکەی (قیمها) دەتوانێت لایەنگری دیموکراسی بێت. (ڕۆشمایر)و هاوەڵانیشی وادەبینن کە فەراژووبوونی سەرمایەداری چینگەلێکی کۆمەڵایەتی دروستدەکات کە هەندێکیان (وەك چینی کریکارانی حەزەری) پێشدەکەون بۆ بایەخدان بەپرۆسەی دیموکراتیزەکردن. هەروەها دەروازەی گواستنەوەیش بایەخ بە ململانێی سیاسی نابنبەستی نێوان چینەکان و گرووپەکان و کاریگەرییان لەسەر رێڕەوی دیموکراسی لیبراڵی دەدات. هیچ چینێکیش لە هەموو شوێنێکدا ناتوانێت هەمان گرنگی و بەرژەوەندی لە دیموکراتیزەکردندا هەبێت. بۆیە گرنگە درك بەوە بکرێت کە هەڵوێستی هەموو چینێك بەرامبەر بە دیموکراتیزەکردن لە هەموو وڵاتێکدا کاریگەر دەبێت بە پەیوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ چینەکانی دیکەدا, ئەمەش مانای شیکردنەوەی گۆڕاوە بونیادییەکانی چینە وەك گشت, نەك جەختکردنەوە بێت لەسەر چینێکی دیاریکراو.

دابەشبوونە چینایەتییەکان تەنها بەرجەستەکردنی شێوەگەلی نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی نییە, چونکە راڤەکردنە جیاوازەکانی دیموکراتیزەکردنیش ئاماژەدەکەنە دابەشبوونە ئەتنیکی و جێندەری و هۆزگەری و زمانەوانی و ئاینی و کلتورییەکان. بەو پێیەی کە فۆرمەکانی پرۆسەی سیاسی دیموکراسی پشت بەپرنسیپی سەروەری میللی یان رەزامەندی دەبەستێت, ئەوا پرسیارکردن دەربارەی چییەتی گەل پرسیارێکی فرە گرنگ دەبێت, چونکە کاتێك دابەشبوونە چینایەتییەکان یان هۆزایەتیەکان یان ئاینییەکان یان کلتوورییەکان قوڵ و توندوتیژ دەبن, ئەوا هیچ مانایەك بۆ شوناسی سیاسی هاوبەش نامێنێتەوە, لە دواجاریشدا پرۆسەی دیموکراتیزەکردن کارێکی ئەستەم دەبێت (مستحیل). هەستکردن بە کەمترین رادەی شوناسی نیشتمانی هاوبەش, وەك (ڕۆستۆ) دەیبینێ, خۆی لە

مەرجە باکگراوندەکاندا دەبینێتەوە کە قۆناغەکانیدیکەی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی لەسەر دادەمەزرێت.

### ٣- دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکان

هێزی گشتی دەوڵەت لە پەیوەندیدا بە دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای مەدەنییەوە بەرجەستەی فاکتەرێکی راڤەیی گرنگ دەکات بە نسبەت تێکڕای دەروازە تیۆرییەکانی دیموکراسییەوە. رێڕەوەکانی(مسارات) دیموکراتیزەکردن, وەك (بارنگتۆن مور و رۆشمایر) بانگەشەیدەکەن, بە حالاٚتگەلێك لە هاوسەنگی هێز لەنێوان دەوڵەت و چینە تا ڕادە سەربەخۆکان جیادەکرێتەوە, چونکە دەوڵەت بەڕادەیەك بەهێز نییە وای لێبکات کۆنترۆڵی چینە شوێنکەوتووەکانی بکات ئەمە لە لایەك, لەلایەکیترەوە هێندەش لاواز نییە ببێتە میکانیزمێك بە دەست ئەرستۆکراسی خاوەن زەوییەوە. هەروەها لایەنگرانی دەروازەی نوێخوازی وادادەنێن کە هەژموونی رەهای دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگای مەدەنییەوە ئاماژەیەکی نێگەتیڤە بۆ دیموکراتیزەکردن, ئەم جۆرەی هەژمونی دەوڵەتی لە ئەفریقا و ئاسیا و شوێنەکانیتردا بووە هۆی شتکسهێنانی دیموکراسی. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ولاٚتانەی خاوەن ئاستگەلێکی فەراژوویی نزمن دەوڵەت دەستدەگرێت بەسەر زۆربەی هەلە گرنگەکانی ئابووریدا (وەزیفەکان, گرێبەستەکان, رێگەپێدانەکان, هەلەکانی خوێندن, نەخشەکانی گەشەپێدان), بە پێچەوانەی دەوڵەتەوە لەو ولاٚتانەی کە خاوەن ئاستگەلێکی فەراژوویی بەرزن. ئەم کۆنترۆڵەش بە هۆی کەمکردنەوەی کێبڕکێی کەرتی تایبەتەوە دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم گەشەکردنی ئابووری و بلاٚوبوونەوەی توندوتیژی و ساختەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا بە هۆی ئەو جیاوکە (امتیازات) زۆر گەورانەی کەلەئەنجامی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانەوە بەدەستدێت,گەندەڵی سیاسی و سووخواردن دەبنە میکانیزمی سەرەکیی جووڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی, هەموو

چالاكییە ئابوورییەكانیش تا رادەیەك دەكەونە بەر دەستێوەردان و كۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. لە ئەنجامی ئەمەشەوە ئابووری بە سیاسیبوو دەركەوتووە كە دەستهاتی ئابووری تاك تێیدا ئەنجامی گەیشتنی دەبێت بە دەسەڵات و هێزی سیاسی, نەك ئەنجامی زیادبوونی توانایی بەرهەمهێنان و توانستی بێت, ئەم كارەش لە دواجاردا دەبێتە مایەی زیادكردنی ئەگەرەكانی نەبوونی یەكسانی و تەنگژەی توند لەنێوان چینەكان و گرووپە ئەتنیكی و هەرێمی و ئاینییەكان و ئەوانیدیكەدا. بە كورتی, تیۆریستانی (المنڤرون) دەروازەی نوێخوازی بانگەشەی ئەوە دەكەن كە پرۆسەی دیموكراتیزەكردن دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی هەڵاوساو (المتچخم) لە بەرژەوەندی نزمترین رادەی دەوڵەت و گەشەپێدانی سەرمایەداری چالاكدا.

لەلایەكیترەوە, هەندێك لە توێژەران وەك فاكتەرگەلێكی راڤەیی, گرنگییان بە دامەزراوە سیاسییە ناوەندكارییەكان (الوسیگ) داوە وەك ئەنجومەنەكانی یاسادانان و دامەزراوە سەربازییەكان و سیستمە كێبڕكێیەكانی هەڵبژاردن و بونیادی سیستمی حزبی و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی, بەو پێیەی كە سروشتی كارلێكی نێوان ئەم دامەزراوانە و دەوڵەت و بونیادی چینایەتی, یارمەتی راڤەكردنی چۆنێتی دروستبوونی دامەزراوەكانی دەوڵەت دەدات بۆ ئەو ئەنجامگیرییە سیاسییانەی كە لە پەیوەندییە لێكچووەكانی دەوڵەت و بونیادی چینایەتییەوە سەرچاوەدەگرێت لە هەموو وڵاتە جیاوازەكاندا. (Held,١٩٩٦.ch.٦).

## ٤- كۆمەڵگای مەدەنی

كۆمەڵگای مەدەنی وەك فاكتەرێكی راڤەیی لە رێگەی پەیوەندییەوە بە دەوڵەت و بونیادی چینایەتییەوە دێتە ناو پرۆسەی دیموكراتیزەكردنەوە. بە نسبەت تیۆریستانی هەر دوو دەروازەی نوێخوازی و گواستنەوەییەوە, كۆمەڵگای مەدەنی هەمەجۆر و چالاك رۆڵێكی گرنگ لە هاوسەنگكردنی هێزی دەوڵەتدا دەگێڕێت.

هەروەها دەتوانێت ببێتە رێگر لە بەردەم گەڕانەوەی دەسەلاتگەریی و فاكتەرێكی زیندووشە بۆ بتەوكردن و پاراستنی دیموكراسی لیبرالی. بووژانەوەی كۆمەڵگای مەدەنی لە باشووری ئەوروپا و ئەمریكای لاتیندا فاكتەرێكی یەكلایكەرەوە بوو لە راڤەكردنی پرۆسەكانی گواستنەوە لە سیستمی دەسەلاتگەرییەوە بۆ سیستمی لیبرالی. هەروەها گەشەكردن و پێشكەوتنی ژمارەیەك لە گرووپەكان و بزووتنەوە كۆمەلایەتییە سەربەخۆكان – خوێندكاران, ژنان, سەندیكاكانی كرێكاران, گرووپەكانی كلێسا, بەكاربەرەكان (المستهلكین),لایەنگرانی ژینگە,گرووپە هۆزی و جوتیاری و پیشەییەكان- لەئەوروپای رۆژهەلاتو یەكێتی سۆڤێتی جاران و هەندێك بەشی ئەفریقاو ئاسایدا بووە هۆی هەڵكشانی(التنامی) پرۆسەكانی دیموكراتیزەكردن.

هەمیشەش گەشەی كۆمەڵگای مەدەنی بوونی راگەیاندنی سەربەخۆ لە ئامێزدەگرێت كە دەتوانێت فشار لەسەر دەوڵەتی دەسەلاتگەر دروستبكات.

بەگوێرەی دەروازەی نوێخوازی, فەراژووبوونی كۆمەلایەتی و ئابووری بەشداری لە گەشەی كۆمەڵگای مەدەنی دەكات لەسەرتاسەری جیهاندا بەو پێیەی كە دەبێتە هۆی چڕبوونەوەی دانیشتوان لە ناوچە حەزەرییەكان و تێكەڵبوونیان لەگەڵ تۆڕە كارلێكردنە فراوانتر و هەمەجۆرەكاندا. هەروەها لە رێگەی كەرتە فراوانەكانی دانشتوانەوە دەبێتە هۆی بلابوونەوەی فێركردن وزانیاری وزیادكردنی دەستەهات و دەرامەتە رێكخستنەییەكانیدیكە, كە لە دوائەنجامدا دەبێتە مایەی زیادبوونی ئەگەری هەڕەشەی كەرتە جیاوازەكانی كۆمەڵگا بۆ سەر سیستمی حوكمی دەسەتگەری (He,٢٠٠٢).

هەروەها (رۆشمایر)و ئەوانیدیكە لە تیۆریستانی دەروازەی بونیادی ئاماژە دەكەنە بایەخی گەشەی كۆمەڵگای مەدەنی وەك هێزێكی هاوسەنگ بەرامبەر بە دەوڵەت. بەلام گرنگییش دەدەن بە تێگەیشتنی ئەوەی كە چۆن كۆمەڵگای مەدەنی بەو پێیەی كە دەرەنجامێكی لاوەكی فەراژووبوونی سەرمایەدارییە,

دەتوانێت توانا ڕێکخستنییەکانی چینیەکانی خواروو بتەو و بەهێزبکات, دواجاریش گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە بونیادی چینایەتیدا, بەو واتایەی کە خودی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی گرنگی کەمترە لە کاریگەری ئەو گەشەکردنە لەسەر کارلێکە چینایەتییەکان و دواتریش کاریگەری لەسەر ئەگەرەکانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن. (Rueschemyer.el.al.١٩٩٢).

**٥- کلتوری سیاسی**

ئاشکرایە کە ئەگەرەکانی دیموکراتیزەکردن لەو وڵاتانەدا زیاددەکات کە کلتوری سیاسی تێیاندا لایەنگری دیموکراسی بێت. لەگەل ئەمەشدا, لە رووی کردارەکییەوە جیاوازی تیۆری دەربارەی رۆڵی کلتوری سیاسی لە راڤەکردنی پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردندا لە جیاوازی رۆڵی فاکتەرە راڤەییەکانی دیکە زۆرترە. بە نسبەت تیۆریستانی نوێخوازییەوە, کلتوری سیاسی بەرجەستەی گۆڕاوێکی راڤەیی سێنتەریدەکات, زۆرێك توێژینەوەی مەیدانی و لێکۆڵینەوەی رووپێویش ئەنجامدراوە کە بوونی پەیوەندی ئاماریی بەهێز لەنێوان ئاستەکانی فێرکردن و (یەکێك لە دەرەنجامەکانی نوێخوازی) پابەندبوون بە بەهای دیموکراسی و بەشداریکردن و لێبوردەیی و میانڕەویدا دۆزیوەتەوە. بەڵام تیۆریستانی دەروازەی بونیادی گومان لەوە دەکەن کە ئەم پەیوەندییانە بە رەهایی راڤەی دیموکراتیزەکردن بکات. مشتومڕی ئەوە دەکەن کە رەنگە کلتوری سیاسی دیموکراسی ئەنجامێکبێت بۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردن نەك هۆکارێك بێت بۆی. لەلایەکیترەوە, تیۆریستانی دەروازەی گواستنەوەیی, کلتووری سیاسی پشتگوێدەخەن. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی لیبراڵی دەگەڕێتەوە بۆ حساباتەکانی بژاردە سیاسییە ناکۆکەکان کە هێدیهێدی درك بەوە دەکەن کە لە دیموکراتیزەکردندا بەرژەوەندی هاوبەش هەیە نەك بەهای هاوبەش.

## ٦.كارلێكە نێودەوڵەتییەكان و نێونەتەوەییەكان

تێكڕای ڕاڤەكردنەكانی دیموكراتیزەكردن گرنگی دەدەنە ئەوەی كە چی لە دەرەوەی سنووری دەوڵەت لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دەگوزەرێت. ئەمەش كارلێكە نێودەوڵەتییەكانی وەك هاوپەیمانییە سەربازییەكان و جەنگەكان و پەیوەندییە دیبلۆماسییەكان دەگرێتەوە, هەروەها چالاكی دامەزراوە نێوحكومییەكانیش وەك نەتەوەیەكگرتووەكان و بانكی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێوّدەوڵەتی و ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی دەگرێتەوە. لەلایەكیترەوەو بە شێوەیەكی جیاواز دەروازە ڕاڤەییەكانی دیموكراتیزەكردن گرنگی بە كارلێكە نێودەوڵەتییەكان دەدەن, واتە پەیوەندی نێوان كۆمەڵگاكان لە چوارچێوەی جۆرە جیاوازی فەزا سیاسییەكان, لەوانە پرۆسەكانی ئابووری و دارایی جیهانی و ڕاگەیاندنی جیهانی و تۆڕەكانی پەیوەندیكردنی جیهانی. هەروەها ئەم كالێكردنانە هاوپەیمانییە جیهانیەكانی نێوان ڕێكخراوە ناحكومییەكانیش دەگرێتەوە, بە جۆرێك كە ژمارەیەكی زۆر گردبوونەوەی جیهانی  ڕێكخراوە ناحكومییەكان هەیە, وەك ڕێكخراوی ئاشتی سەوز و ڕێكخراوی لێبووردەیی نێودەوڵەتی و خاچیسوور و ئەنجومەنی جیهانی كڵێساكان و ئەوانیدیكە. لەسەر هەر ڕاڤەكردنێك بۆ پرۆسەكانی دیموكراتیزەكردن پێویستە ڕەفتارە نێودەوڵەتییەكان و نێونەتەوەییەكان كە لە ئەنجامی ئەم كارلێكردنە جیهانییەوە هاتوونەتەكایەوە لەبەرچاوبگرێت. پەیوەندییە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەكانی ئابووری نێوان وڵاتە پیشەسازییە پێشكەوتووەكان و وڵاتانی ئەمریكای لاتین بوونە هۆی دواخستنی پرۆسەی بەپیشەسازیبوون لە ئەمەریكای لاتیندا, هەروەها بوونە هۆی گەشەنەكردنی چینی كرێكاری حەزەری, كە ئەمەش بووە هۆی لاوازكردنی هێزە لایەنگرەكانی دیموكراسی. هەروەها لە هەندێك كاتیشدا دەشێت جەنگ, دیموكراسی بەسەر وڵاتە دۆڕاوەكاندا بسەپێنێت, لەهەندێك كاتی تریشدا جەنگ دەبێتە هۆی بتەوكردنی ئۆركانیزمەكانی دەوڵەت

لە بەرامبەر هێزە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا, کە دەبێتە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن. (Huntington.١٩٩١.p.٦٦)

فشاربۆهێنانە نێودەوڵەتییەکان فاکتەرێکی راڤەیی گرنگە بۆ پشتیوانی دیموکراسی. لێرەوە لایەنە دەرەکییە بەهێزەکانی وەك ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بانکی نێودەوڵەتی لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دەستیانکرد بە هاندانی دیموکراسی لیبراڵی لە ئاسیادا بەپێچەوانەی ئەوەوە کە لە دەهەکانی پێش هەشتاکاندا پشتگۆییان خستبوو). ئەمەش بووە هۆی فشارخستنە سەر ئەو سیستەمە دەسەڵاتگەرانەی فەرمانڕەوایی کە پشتیان بەم هێزە دەرەکیانە بەستبوو بۆ دەستخستنی قەرز و یارمەتیدان و ئاڵوگۆرە بازرگانییەکان.

سێیەم: شێوەی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی

پرۆسە و کارلێك و فاکتەر و هێزە سیاسییەکان کاردەکەنە سەر دینامیکی گۆڕانی دیموکراسی و شێوەی پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردن لە هەموو ولاٌتە دەسەڵاتگەرەکاندا. لەبەرئەوەی کەپرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی ڕێڕەوگەلێکی جیاوازی بە جیاوازی سیستەمە دەسەڵاتگەرەکان گرتووەتەبەر, پێویستە بایەخبدرێت بە چۆنێتی کاریگەری تایبەتمەندییەکانی سیستەمی دەسەڵاتگەری لەسەر پرۆسەکانی گواستنەوە بۆ دیموکراسی و راڤەکردنی چۆنێتی کاریگەری شێوە جیاوازەکانی ئەم سیستەمانە لەسەر ئەو ڕێڕەوانەی کە گرتوویانەتە بەر.

ئەدەبییاتەکانی سیستەمە دەسەڵاتگەرەکان پۆلێندەکرێت بۆ سیستەمی دیکتاتۆری تاکگەرایی (شەخسی)و سیستەمی تاکحیزبیو سیستەمی سەربازی. لە سیستەمی سەربازیدا, کۆمەڵێك ئەفسەر دەسەڵات بەدەستەوەدەگرن و کۆنترۆڵێکی گەورەشیان بەسەر ناوەڕۆك و ئاراستەی سیاسییەتی گشتیدا هەیە. بەڵام لە سیستەمی تاکحیزبیدا, تاکە حزبێك دەست بەسەر پۆستە سیاسییەکاندا دەگرێت و کۆنترۆڵی پرۆسەی دیاریکردنی ناوەڕۆك و ئاراستەی سیاسەتی گشتی دەکات. سیستەمی دەسەڵاتگەری تاکگەرایش (شەخسی) لە هەر دوو ئەو سیستەمە بەوە

جیاواز دەبێت کە گەیشتن بە پۆستە سیاسییەکان و ئەو جیاوکانەی کە هاوەڵی دەبن, تارادەیەکی گەورە پشت بەوە دەبەستێت کە حاکمی تاك بڕیاری دەدات. دەشێت ئەم حاکمە ئەفسەرێکی سەربازی بێت یان رابەری حزبێکی سیاسی. بەڵام هێزە چەکدارەکان و تاکە حزب لە بڕیاردان و دیاریکردنی رێڕەوی سیاسەتی گشتیدا خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نین لە ئارەزووەکانی حاکمی تاك. (Geddes.٢٠٠٣.p,٥٠).

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وادەکات راڤەکردنی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی لە سیستمە دەسەڵاتگەرەکاندا ئەستەمبێت ئەوەیە کە ئەم سیستمانە بە رێگای جیاوازجیاواز هەڵدەوشێنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چونکە سیستمە دەسەڵاتگەرەکان بە هەمان پلەی جیاوازیان لەگەڵ سیستمی دیموکراسیدا هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیترياندا جیاوازدەبن, بۆیە ئەم جیاوازییانە کاریگەری لەسەر چۆنێتی و خێرایی و شێوەی کەوتن و گۆڕانیان دەکات. ئەوەش پشت بە گرووپە جیاوازەکان دەبەستێت بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستە سیاسییەکان, هەروەهاپشت بەلایەنگری کەرتگەلێکی جیاوازی کۆمەڵگا دەبەستێت, هەروەك چۆن خاوەن رێوشوێنی جیاوازە بۆ بڕیاردان  شێوەی جیاواز کێشمەکێشی دابەشبوونی ناوخۆیی  رێگەی جیاواز بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە  دیاریکردنی چۆنێتی شوێنگرتنەوەیان و رێگە و شێوزای جیاواز بۆ وەڵامدانەوەی داواخواستەکان و بەرهەڵستی میللی.

تێگەیشتنی پرۆسە و کارلێکە سیاسییەکانی ناو سیستمی دەسەڵاتگەری, پێویستی بە تەرکیزکردنە لەسەر ململانێ و پەیوەندییەکانی ناو ئەو گرووپانەی کە سیستمی دەسەڵاتگەریان لێپێکدێت: ئەفسەرەکانی هێزە چەکدارەکان, کادرەکانی حیزب, دەستوپێوەندەکانی حاکمی تاك, یان ئاوێتەوتێکەڵی ئەم رەگەزانە. لە زۆرجاردا, زۆربەی پرۆسە و کارلێکە سیاسییەکان, واتە ناکۆکی لەسەر دەسەڵات و دابەشکردنی دەستکەوتەکان(غەنیمەکان)و دیاریکردنی ناوەڕۆك و ئاراستەی

سیاسەتی گشتی لە ناو خودی گرووپەكانی حاكمدا روودەدات. لەلایەكیترەوە, هەندێكجار بە شێوەیەكی یەكلاییكەرەوە سیستمی دەسەڵاتگەر كاریگەردەبێت بەو هەڕەشانەی (تحدیات) كە لە دەرەوەی هاوپەیمانەكانی حاكمەوە دێت, ئەم هاوپەیمانییەش چی ناوخۆیی بێت یاخود دەرەكی. (Lbid.pp,٤٨-٥٠).

هانتنگتۆن ( ١٩٩١) لە ناو سیستمی دەسەڵاتگەردا, جیاوازی لەنێوان چوار جۆر یان چوار شێوەی پرۆسەی گۆڕانی دیموكراسیدا دەكات:

١-گۆڕان (Transformation): كاتێك دەبێت كە پرۆسەی گواستنەوەی دیموكراسی لە بنەڕەتدا لە دەستپێشخەرییەكانی خودی سیستمی دەسەڵاتگەرەوە بێت, بێ دەستتێوەردانی لایەنەكانیتر.

٢-گۆڕانی شوێنگرەوەیی (Transplacement): كاتێك دێت كە پرۆسەی گۆڕانی دیموكراسی لە بنەڕەتدا لە رێگەی دەستپێشخەرییە هاوبەشەكانی نێوان بژاردەی فەرمانڕەوا و بژاردەی ئۆپۆزسیۆنەوە بێت.

٣-شوێنگرتنەوە(Replacement ): كاتێك دێت كە پرۆسەی دیموكراتیزەكردن, لە بنەڕەتدا لە رێگەی فشار و ئۆپۆزسیۆنی میللییەوە بێت.

٤-دەستتێوەردانی بێگانە(Foreign intervention): ئەمەش كاتێك روودەدات كە پرۆسەی دیموكراتیزەكردن لە ئەنجامی دەستتێوەردان و فشاری لایەنە بێگانەكانەوە بێت.

**١- شێوازی گۆڕان**

هەمیشە تا رادەیەك گۆڕان پرۆسەیەكی دوورودرێژ دەبێت. كاتێكیش روودەدات كە سیستمی حوكمی دەسەڵاتگەری بە بێهیچ فشار بۆهێنانێكی بەهێز لەلایەن هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانەوە یان لەلایەن كۆمەڵگاوە وەك گشت, پاش مشتومڕی ناوخۆیی بڕیاری ئەوە دەدات كە لە بەرژەوەندی خۆیدایە دەستبكات بە هەندێك گۆڕانكاری و چاكسازی سیاسی. ئەم شێوازەی پرۆسەی دیموكراتیزەكردن دەبێتە هۆی ئەوەی كە هێزە چەكدارەكانی سیستمی دەسەڵاتگەر لە رێكخستنەكان و

سیاسەتەکانی داهاتوودا پارێزگاری بە مافی (ڤیتۆ)ی خۆیانەوە بکەن, هەروەها دەشتوانن ببنە ڕێگر و بیوەستێنن. لە باشترین باردا, گەورەترین ئەنجامی ئەم شێوەی گۆڕانی دیموکراسی دروستبوونی دیموکراسی سنووردارە کە بە بەردەوامی هەژموونی سیاسیی ژمارەیەکی تا رادە کەمی بژاردە جیادەکرێتەوە, بە زۆریش بژاردەی بالاّدەست بەسەر سیستمی دەسەلاّتگەریدا, پارێزگاری بە هەژموونی خۆیانەوە بەسەر هێز و دەسەلاّتدا دەکەن لە رێکخستنە تازەکاندا. ئەم شێوازەی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی لە ژمارەیەك ولاّتی ئەمریکای لاتین و هەندێك ولاّتی ئاسیایدا زۆرترین شێواز بووە.

خالێکی جەوهەری لەم شێوازەی پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسیدا  ئەوەیە کە فەرمانڕەوا دەسەلاّتگەرەکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە واز لە دەسەلاّت و هێز ناهێنن, هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ئامادەی هەمووارکردنی سیستمی حوکم نین, مەگەر تەنها کاتێك کە ئەوە هەڕەشە لە هەژموونیان بکات بەسەر دەسەلاّتدا. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو بڕیارانەی پەیوەستە بە دامەزراندنی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی دیموکراسییەوە لەلایەن ئەوانەوە دەدرێت کە بالاّدەستن بەسەر دەسەلاّتدا, لە بنچینەشدا ئەم بڕیارانەیان لە ئەنجامی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە (شەخسی یان دەستە جەمعییەوە دێت. ( Lijphart and Waisman.١٩٩٦.).

**٢- شێوازی گۆڕانی شوێنگرەویی**

ئەم شێوازە پشت بەو ڕۆڵە دەبەستێت کەبژاردەی سیاسی ناو سیستمی دەسەلاّتگەریو درەوەیدا (هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان) لەپرۆسەی گۆڕانی دیموکراسیدا دەیگێڕن. (دایمۆند) وادەبینێت کەتاکە مەرجی دانانی ڕەهای گۆڕانی دیموکراسی (بەتەنیشت داگیرکاری بێگانەو,سەپاندنی دەرەکیەوە) پابەندبوونی بژاردەی ستراتیژییە بەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنەوە. (Diamond.١٩٩٣.p,٥٨).

بەڵام (لینزو ستیپان)چەخت دەکەنە سەر ئەو رۆڵە گرنگەی داهێنانی سیاسیو لێهاتوویی سەرکردایەتیی بژاردەی سیاسی لەپرۆسەی گۆڕانی دیموکراسیدا. (Linz and Stepan.١٩٧٨). دەروازەی نوێخوازیش تەرکیز دەکاتە سەر رۆڵی بژاردەی ستراتیژی, کاتێك هەردوو بژاردەی فەرمانڕەواوو بژاردەی ئۆپۆزسیۆن درك بەوە دەکەن کەبەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەجۆڵان لەسەر ئەو رێڕەوەی کەدەبێتە هۆی دیموکراسی سنووردار لەناو چوارچێوەی شێوازی گۆڕانی شوێن گرەوەییدا. هەمیشەش ئامانج لەم جولانە چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی بژاردەیە, هەروەها پاڵپشتی دەسەلاتیانەو(نفوز), ئاراستەکردنی کرداری سیاسییە بەوجۆرەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیاندا بگونجێت. (Haynes.٢٠٠١.p,٢٣).

فاکتەری یەکلای کەرەوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی رێککەوتن خۆی لەرێکخستنی هەوڵو کۆششەکانی رەگەزە چاکسازەکانی ناو سیستمی دەسەلاتگەریو رەگەزە میانڕەوەکانی ناو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنو توانایان لەسەر گەیشتن بەرێکەوتنێکی گشتی دەربارەی ئەنجامە سنووردارەکان, دەبینێتەوە. لەم شێوازەدا پێویستە پێگەکانی بژاردەی بالادەستی ناو سیستمی دەسەلاتگەری وەك گەورە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان, گەورە خاوەندارانی زەوی, لە سیستمی تازەدا نەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. هەروەها گرنگە کە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی سیاسی پاش قۆناغی گواستنەوە, لە چوارچێوەیەکی سەقامگیر بۆ دامەزراوە چالاکەکانی دیموکراسی بژاردەکان بەیەکەوەببەسترێن, بە شێوەیەك کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانیان نەکات. چونکە ئەگەر بژاردە هەستنەکات کە سیستمی تازە بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت, ئەوا شەرعییەتی ئەو سیستمە تازەیە قبوڵناکات و ئەوپەڕی هەوڵ و توانای خۆشی بۆ لەباربردنی دەخاتەکار. (Shin.١٩٩٤).

وەك ئەو بارەی کە بە نسبەت شێوازی گۆڕانەوە هەیە, ئەو هەڵبژاردنانەی کە کارەکتەرە بنەڕەتییە سیاسییەکان پێیهەڵدەستن لە شێوازی گۆڕانی شوێنگرەوەییدا, جەوهەری و گرنگن. لەبەر هەمان هۆکاریش, واتە بۆ گەرەنتی ئەوەی رێکخستنە

سیاسییه تازەكان له ناوەوه و دەرەوەیاندا كار بۆ بەرژەوەندی بژاردەی ئێستادا بكەن. لەلایەكیترەوه, توانای سیستمی دەسەڵاتگەری دامەزراو لەسەر كۆنترۆڵی پرۆسەی گۆڕان له شێوازی گۆڕانی شوێنگرەوەییدا, له شێوازی گۆڕاندا كەمترە. هەرچەنده كه سروشتی رێكەوتن و پەیماننامەكانی نێوان بژاردەی فەرمانڕەوا و بژاردەی ئۆپۆزسیۆن جیاوز دەبێت, بەڵام هەمیشه رەنگدانەوەی چارەسەر تاڕاده سەقامگیر و نەگۆڕەكانی نێوان سیستمی دەسەڵاتگەری و ئۆپۆزسیۆنه. له شێوەی دامەزراوه و رێكخستنه سیاسییەكانیشدا گوزارشت لەم چارەسەركردنانه دەكرێت كه رێگه به بژاردەی سیستمی دەسەڵاتگەری دەدات له ناو چوارچێوەی حوكمی دیموكراسی تازەدا پارێزگاری به بڕێكی گەورەی هێز و دەسەڵاتی خۆیانەوه بكەن. له راستیشدا, زۆرجار بژاردەكان له دیموكراسییەته تازەكاندا لەپێناو پاراستنی گەروەترین بەرژەوەندی شیاو بۆ خۆیان هاوكاری یەكدی دەكەن, ئەمەش مانای وایه كه تانەت ئەگەر هێز و دەسەڵاتیش گواسترایەوه بۆ كۆمەڵی بژاردەیتری جیاواز, ئەوا به شێوەیەكی گرنگ بونیادی هێز و دەسەڵاتی پێشوو بەردەوامدەبێت له دروستكردنی ناوەڕۆك و ئاراستەی پرۆسەی چەسپاندنی دیموكراسیدا. (Shin.١٩٩٤).

هەمیشه هاندەری سەرەكی ئەم شێوازەی پرۆسەی گواستنەوەی دیموكراسی, دەركەوتنی بەڵگەگەلێكه لەسەر داڕوخانی (تدهور) دەسەڵاتی سیستمی دەسەڵاتگەری و جووڵانی هێزه ئۆپۆزسیۆنەكانه بۆ قۆستنەوەی ئەم داڕووخانه. لەبەرئەوەی كه بژاردەی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەپاندنی ئەو گۆڕانانەی كه دەیەوێت خاوەن هێزی تەواو نییه و هەروەها لەبەرئەوەی كه دەسەڵات و هێزی سیستمی دەسەڵاتگەریش به رادەیەك تێكچووه (داڕووخاوه) كه ناتوانێت به شێوەیەكی یەكجاری ئۆپۆزسیۆن لەناوببات, ئەوا چاكسازەكانی ناو سیستمی دەسەڵاتگەری و میانڕەوەكانی ناو هێزەكانی ئۆپۆزسیۆن درك بەوه دەكەن كه هیچ رێگەیەكی دەربازبوون لەم ئاستەنگه نییه جگه له رێكەوتن و گەیشتن بەو چارەسەر و

ڕێکخستنانە نەبێـت کە گەرەنتی سەقامگیری سیستمەکە دەکات و لەسەر ڕێڕەوی دیموکراتیزەکردن دایدەنێت, لە هەمانکاتیشدا بەرژەوەندییەکانی ئەم بژاردانە دەپارێزێت. (Prezeworski.١٩٩١.p,٨٥).

بە پێی شێوازی گۆڕانی شوێنگرەوەیی, هیچ پێشکەوتنێك ڕووەو دیموکراسی ڕوونادات تەنها مەگەر قۆناغی گواستنەوە, ڕێکەوتن و دانوستان لەنێوان بژاردەی فەرمانڕەوا و بژاردەی ئۆپۆزسیۆندا لەخۆبگرێت. چونکە ئەگەری بەهێز هەیە بۆ ئەوەی کە ئەمە نێگەتیڤانە کاربکاتە سەر دیموکراسی. مەبستیش لێی ئەوەیە کە سەقامگیریی داهاتوویی دامەزراو لەسەر بەخشینی گەرەنتی بۆ بژاردەی فەرمانڕەوا کۆنەکان دەبێت بۆ پاراستنی جیاوەکەکانیان و ڕێگرتن لە هەر لێپرسینەوەیەك لەسەر هەر تاوانێك  کە لە ماوەی حوکمی دەسەڵاتگەریاندا ئەنجامیاندابێت. لە دواجاردا ڕێککەوتنەکان و پەیماننامەکانی نێوان بژاردەی فەرمانڕەوا و بژاردەی ئۆپۆزسیۆن دەبێتە هۆی دیموکراسییەتە سنووردارەکان.

**٣- شێوازی شوێنگرتنەوە (الاحلال)**

بە زۆری فاکتەر و ریشەی شێوازی شوێنگرتنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوودانی قەیرانی نیشتمانی ترسناك کە سیستمی دەسەڵاتگەری ناتوانێت چارەسەریبکات و دەبێتە هۆی ئامادەباشکردنی بنکەی جەماوەریی فراوان دژ بە سیستمی دەسەڵاتدار. ئەم شێوازە بەرجەستەی جۆرێك لە پرۆسەی گۆڕان و گواستنەوە دەکات کە بژاردە باڵادەست نابێت بە سەریدا. لەبری ئەمە, لە بنەڕەتدا گۆڕان, بە لای کەمەوە لە سەرەتاکانیدا, لەو فشار بۆهێنانەوە دێت کە لە بنکەی جەماوەرییەوە سەرچاوەیگرتووەو, بژاردە ناچاری ملکەچبوون دەکات بۆ ئیرادەی میللی. بە واتایەکیدیکە, داواخواستە میللییەکان دەبێتە هۆی دامەزراندن و جووڵانی ئەم شێوازەی پرۆسەی گواستنەوە نەك پەیماننامەکانی نێوان بژاردەکان. (Linz.١٩٩٠.pp,١٥٢)

چاوەڕێ ناكرێت ئەم شێوازەی گواستنەوە- كە فشاربۆهێنانی میللی دەبێتە هۆی ناچاركردنی بژاردەی فەرمانڕەوا واز لە دەسەڵات بهێنێت- سەربكێشێت بۆ پرۆسەی دیموكراتیزەكردنی سەقامگیر. مەبەستیش لەمە ئەوەیە كە لە ماوەی قۆناغی گواستنەوەدا نەبوونی ڕێككەوتن و پەیماننامە دەبێتە كۆسپێكی گەورە لەبەردەم دەركەوتنی كەشوهەوای میانڕەویی و ئاشتبوونەوەی پێویست بۆ پرۆسەی چەسپاندنی دیموكراسی. (Brattong vande walle.١٩٩٤).

بە كورتی چاوەڕێی ئەوە ناكرێت كە گۆڕانی سیستمی دەسەڵاتگەرێتی لە رێگەی ئامادەباشكردنی جەماوەر و فشاربۆهێنانی میللییەوە ببێتە هۆی دامەزراندنی دیموكراسی لیبراڵی سەقامگیر. بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەگەری ئەوە هەیە كە سیستمی تازە شكست بخوات و شێوەیەكی تازەی سیستمی دەسەڵاتگەری جێگەی بگرێتەوە. (Huntington.١٩٩١).

**٤- شێوازی دەستێوەردانی بیگانە**

ئەم شێوازەی گۆڕانی دیموكراسی لە ئەنجامی دەستتێوەردانی هێزە بێگانەكانەوە ڕوودەدات. نموونە لەسەر ئەم شێوازە, دەستتێوەردانی ئەمریكایە لە (هایتی و پەنەما و سۆماڵ) لە ماوەی نەوەدەكانی سەدەی بیستەم و عێراقە لە كاتی ئێستادا. سەرباری دەستتێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆ, نفوزی وڵاتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییە كۆمەك بەخشەكان بۆ یارمەتیدانی ئابووری لە هەندێك وڵاتی دەسەڵاتگەری هەژاردا,لە بڕیارەكانی گۆڕانی دیموكراسیدا كاریگەر و بەهێزبوونە. لە ماوەی هەشتاكان و نەوەدەكانی سەدەی بیستەمدا توانای ئەم وڵاتە هەژارانە لەسەر پاراستنی پرۆگرام و سیاسەتەكان فەراژووبوونی ئابووری دابەزی, بەم هۆیەوە زۆرێكیان بە شێوەیەكی ڕوولەزیاد پشتیان بە یارمەتی و قەرزی وڵاتانی رۆژئاوا و دامەزراوە نێودەوڵەتییە كۆمەكبەخشەكان بەست, كە داوایان لەم وڵاتانە كرد بخزێنە ناو پرۆسەی دیموكراتیزەكردنەوە وەك بەشێك لە بەرنامەی

تەواوی فەرمانڕەوایی دروست و پێگەیوو. بەردەوامی ئەم یارمەتییە دەرەکیانەش بەسترایەوە بە دەستپێکردنی سیستمە دەسەلاتگەرەکان بەپرۆسەی دیموکراتیزەکردن و ریفۆرمی سیاسی. سەرباری ئەمەش, لە ڕێڕەوێکی تەریبدا, ولاتانی رۆژئاوا و دامەزراوە نێودەولەتییەکان هانی ئەم ولاتانەیاندا بۆ دارشتنی سیاسەتگەلێکی ئابووری وەها کە گونجاو بێت لەگەل سیستمی بازار و ئازادی ئابووریدا. ئەوە ئاشکرایە کە لە رێگەی فشاربۆهێنانی ولاتان و دامەزراوە نێودەولەتییە کۆمەکبەخشەکانەوە فشار خرایەسەر سیستمە دەسەلاتگەرەکان کە بەرەو ئاراستەی ئازادی ئابووری و سیاسی و دیموکراسی لیبرالی بجوولێن, کە لە دواجاردا بە مەرجداری ئابووری و مەرجداری سیاسی ناسرا. (Josepg.١٩٩٨.p.١٠)

هەرچەندە کارەکتەرە دەرەکییەکان, کە پلەی بەهێزیی ئابووری و سیاسی و سەربازییان هەرچەندێك بێت ناتوانن رێگە سیاسییەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەو ولاتانەدا بسەپێنن کە ئارەزووی ناکەن, بەلام دەشێت دەستتێوەردانی بێگانە ببێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی لە بەرژەوەندی پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا, بەلام دیموکراسی هەرگیز ناسەپێت و گەشەناکات ئەگەر مەرج و فاکتەرە ناوخۆییە سنووردارەکان فەراهەمنەبێت. بۆ ئەمە دەتوانین ئەزموونی (پورتوگال و ئیسپانیا و یۆنان) بە نموونە بهێنینەوە کە لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی خێرا گۆڕان بۆ سیستمی دیموکراسی چەسپاو. لە کاتێکدا هەرچەندە پالپشتی و هانی دەرەکی, بەتایبەت لەلایەن گرووپی ئەورووپییەوە گرنگ و کاریگەربوو, بەلام چەسپاندنی دیموکراسی بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەو رێکەوتنە گشتی و کۆدەنگییە ناوخۆییە بەستبوو کە لەسەر بە باشتر زانینی دیموکراسی لە هەموو رێکخستنە سیاسییەکانیدیکە دامەزرابوو, هەروەها لەسەر نائامادەگی هەر دابەشبوونێکی ئەتنیکی یان ئایینی یان چینایەتی ترسناك. فەراهەمنەبوونی ئەم مەرج وهۆکارانە لەزۆربەی ولاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا و

ئەفریقادا ئاماژە بەوە دەکەن کە چەسپاندنی دیموکراسی کارێکی قورس و ئەستەمدەبێت.

سەرباری بوونی ژمارەیەکی زۆر نموونەی هاوچەرخ لەسەر هاندان و پشتگیری کارەکتەرە دەرەکییەکان بۆ گۆڕانی دیموکراسی چی لە رێی دەستتێوەردانی راستەوخۆوە بێت یاخود لە رێگەی یارمەتیدانی ئابوورییەوە, بەڵام بەڵگەی کەم لەسەر کاریگەری بەهێزی ئەم دەستپێشخەریانە هەیە لەسەر دوائەنجامگیرییە سیاسییەکان. (Haynes.٢٠٠١.p.٢٧).

شێوازە جیاوازەکانی پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسی ئەوە روونده‌کەنەوە کە ئەو رێڕەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە دیموکراسی گرتوویانەتەبەر بە شێوەیەکی گەورە جیاواز دەبێت, لە هەندێك لە کۆمەڵگاکاندا, دیموکراتیزەکردن بە زۆری دەرئەنجامی پێشکەوتنی ناوخۆیی بووە, نموونەیەکی سەرەکی ئەم شێوازە شانشینی یەکگرتووە (بریتانیا) کە پێدەوترا (نموونەی هێڵی)ی پێشکەوتن لە مافە مەدەنییەکانەوە بۆ مافە سیاسییەکان و پاشان بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکان و ئەمجار پێشکەوتنی پلەیی هەژموونی پەرلەمانی و حکومەتی وەزاری و فراوانبوونی پلەیی مافەکانی هەڵبژاردنودەنگدان. (Huntington.١٩٨٤.pp,٢١٠-٢١١) هەروەها هەندێك وڵاتیتری وەك سویسرا و ئوستراليا و نیوزلاند نموونەن لەسەر ئەم جۆرە گۆڕانە.

لە شوێنەکانیتر, فاکتەرە دەرەکییەکان زۆر کاریگەر بوونە, هەندێك جاریش یەکلاییکەرەوە, بەتایبەتی لەپاش شکست لە جەنگدا. ئەمەش لە زۆرێك وڵاتی ئەوروپی پاش ساڵی (١٩١٨)و یابانی پاش ساڵی (١٩٤٥) روویداوە کاتێك کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە و پرۆسەکانی دیموکراسی لیبراڵی سەپاند بە سەریاندا. سەرباری ئەمەش, تەنانەت بە بێ شکستیش لە جەنگدا هەندێك وڵاتی ئەفریقی لە ئەنجامی فشاربۆهێنانی دەرەکییەوە خزانە نێو پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردنەوە, کە هەرگیز بە بێ بوونی ئەم فشارە دەرەکیانە چاوەڕوانی ئەوە

نەدەكرا بەم خێراییە پرۆسەی گۆڕانی دیموكراسی لەم وڵاتانە رووبدات. لە كۆمەڵگاكانیتردا دانوستانەكانی نێوان بژاردە جیاوازەكان كاریگەری لە فشاری دەرەكی زیاتر بووە, وەك ئەوەی كە لە هەشتاكانی سەدەی بیستەم لە ئەمریكای لاتیندا روویدا. حاڵەتی باشووری ئەفریقا نموونەی روون لەسەر ئەمە دەبەخشێت, هەرچەندەش گفتوگۆ جەوهەری و ئاشكراكان دەربارەی بونیادی دەستووری و سیاسی و داهاتووی باشووری ئەفریقا لەپاش ساڵی (١٩٩٠) نەبێت دەستی پێنەكردووە, بەڵام ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانەی كە لەبەردەستان گرنگی رێكەوتنە نهێنییەكانی نێوان (ماندێلا)و سەركردەكانی كۆنگەرەی نیشتمانی ئەفریقی لەلایەك و بەرپرسان و وەزیرەكانی حكومەتی باشووری ئەفریقا لەنێوان ساڵانی (١٩٨٦-١٩٩٠) ئەوە دەردەخەن كاتێك كە هێشتا (ماندیلا) لە زینداندا بوو, بەڵام پێویستە درك بەو رۆڵە بەهێزە بكەین كە بەرگری (مقاومە) ناوخۆی و جەنگی دەرەكی و پەرگیری ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی گێڕایانو, وای لەم رێككەوتنانە كرد كەپەسەند و شیاو بن لەلایەن هەمووانەوە. چونكە بە شێوەیەكی پلەیی و جێگر بووە هۆی كەمكردنەوەی سوودمەندی و دەستكەوتەكان و زۆربوونی تێچوونەكان بۆ پارێزگاری لەسەر ئەو سیستەمە رەگەزپەرستییە نادیموكراسییەی كەمایەتی سپیپێست. (Potter.et.al.١٩٩٧.ch ٢١).

هەروەها دانووستانەكان لە ئەوروپای رۆژهەلاتدا فاكتەرێكی گرنگبوون, بەڵام دەستپێكردن بە پرۆسەی دیموكراتیزەكردن وەستاوبوو لەسەر دەستهەڵگرتنی یەكێتی سۆڤیەت لەسەر كۆنترۆڵی خۆی لەو ناوچانەدا.

بە كورتی, بەڵگەكانی بەراوردكردن ئەوە ڕووندەكەنەوە كە هێز و میكانیزمە سەرەكییەكانی دیموكراتیزەكردن هەندێكجار لە بنەڕەتدا ناوخۆی بوونە و هەندێكجاریش لە بنەڕەتدا دەرەكی. بە زۆریش فاكتەرە ناوخۆیی و دەرەكییەكان لەپێكهاتە هەمەجۆرەكاندا هەبوونە. لە هەموو حاڵەتێكدا ئاوێتەیەكی جیاواز لە

فاكتره راڤەییەكان هەیە وەك (فەراژووبوونی ئابووری, دابەشبوونە كۆمەلایەتییەكان, دەولەت و دامەزراوە سیاسییەكان, كۆمەلگای مەدەنی, كلتووری سیاسی, پەیوەندییە نێودەولەتی و نێونەتەوەییەكان) لەبەرئەوە دەتوانرێت بوترێت كە شێوازەكانی دیموكراتیزەكردن و تێكڕای ئەو شێوازە جیاوازانەی دیموكراسی كە لێوەی سەرچاوەدەگرن, هەمیشە دەرئەنجامی رێگە دیاریكراوەكانی ئاوێتەكردن و كارلێكردنی ئەم فاكتەرانە بووە. ئەمەش بووەتە هۆی جیاوازی لە ئەگەر و پێشبینییەكانی چەسپاندنی دیموكراسی لە سیستمە جیاوازەكاندا.

چوارەم: فاكتەرە كاریگەرەكان لەچەسپاندی دیموكراسیدا

ئەدەبییاتە گشتیەكانی دیموكراتیزەكردن جیكاری دەكات لەنێوان پرۆسەكانی گۆڕانی دیموكراسی لەلایەك و چەسپاندنی دیموكراسی لەلایەكیترەوە, چونكە گۆڕانی دیموكراسی شتێكە و, چەسپاندنی و بەردەوامی دیموكراسی شتێكی تەواو جیاوازترە. تیۆریستانی دەروازەی گواستنەوەیی, بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی كە تەركیزیان كردبووە سەر ئەمریكای لاتین زیاتر سەرقالبوون بە كێشەی چەسپاندنی دیموكراسییەوە. هۆكاری بنەڕەتی ئەمەش دروستبوون و داڕووخانی سیستمی دیموكراسی لەو كیشوەرەدا بوو پێش دەستپێكردنی (شەپۆلێ سێیەم). هەروەها دەروازەی تیۆری دیكەش دان بەم جیاكارییەدا دەنێن. لایەنگرانی دەروازەی بونیادی وادادەنێن كەپێویستە جیاكاری بكرێت لەنێوان مەرجەكانی دامەزراندنی دیموكراسی و مەرجەكانی پارێزگاریكردنی وچەسپاندنی.(Rueschemyer.el.al.١٩٩٢.p.٧٦ .

لەلایەكیترەوە, (لیپسیت) مشتومڕی ئەوە دەكات كەپێویستە دیموكراسییەتە تازەكان بە دامودەزگایی بكرێن و بچەسپێنرێن و هەروەها بشەرعێنرێنیش. (Lipset.١٩٩٤.p.٧)

دەكرێت وادابنرێت كە دیموكراسی لە ولاتێكدا چەسپیوە كاتێك كە كۆی گەمەكەرە سیاسییە بنەڕەتییەكان ئەو راستییە قبولبكەن كە ئەوە پرۆسەكانی دیموكراسییە ئەو كارلێكانە دیاریو پڕ دەكات كە لە ناو سیستمی سیاسیدا

روودەدات. واتە دەتوانرێت بوترێت کە دیموکراسی چەسپیوە کاتێك کە تاکەکان و گرووپەکان هەوڵی بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن بەپشتبەستن بەو رێسا و رێکخستنە دامەزراوەییانەی کە لە رێگەی کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە توانای کۆنترۆڵ دەبەخشێت پێیان لەسەر پرۆسەی بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەتی گشتی. (Held.١٩٩٦.ch.٥)

دیموکراسی لیبراڵی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوودا سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە بەردەوامبوون و تێپەڕاندنی جێکەوتەکانی ماوەی سێیەکانی سەدەی بیستەم, هەرچەندە, لەو ماوەیەدا رێکخستنە سیاسییەکان بە هۆی قەیرانی ئابووری و کرژی و ئاڵۆزی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە کەوتنە ژێر فشارەوە, بەڵام ئەم سەرکەوتنە بە بەراورد لەگەڵ داڕووخانی سیستمی دیموکراسی لە ئەمریکای لاتین لە ماوەی سەدەی رابردوودا و هەروەها شێوازی گشتی داڕووخانی دیموکراسی لە پاش ساڵی (١٩٦٠) لە زۆربەی ,وڵاتە داگیرکراوەکانی پێشودا کە لەسەر بنەمای دیموکراسی لەگەڵ سەرەتای (شەپۆلی سێیەم)ی دیموکراسیدا لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا حاڵەتێکی ناوازەیە.(Huntigton.١٩٩١). هەروەها ژمارەیەکی زۆری شکستی شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی روویدا بەتایبەت لە ئەفریقای باشوور و یاباندا.

بە کورتی, دامەزراندنی سیستمی سیاسی دیموکراسی لە هەندێك وڵاتاندا بە پێویست مانای ئەوە نییە کە دیموکراسی لەو وڵاتانەدا دەچەسپێت. لەبەر ئەوە شیاوە پرسیاری مانەوەی دیموکراسییەتە تازە دامەزراوەکان بکەین و ئەو هۆکارە کاریگەرانەش کە دەبێتە هۆی چەسپاندنی دیموکراسی تێیاندا.

ئەدەبییاتەکانی دیموکراتیزەکردن لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی پێنج فاکتەری خاوەن کاریگەری بەهێز بەدەردەخات. (Leftwich.١٩٩٧.pp.٥٢٤-٥٣١)

**١.رەوایەتی (الشرعیە)**

ڕەوایەتی چەمکێکە دیاریکردن و پێوانەکردنی ئەستەمە, بەتایبەت لە کۆمەڵگا دەسەڵاتگەرەکاندا. بەڵام وێڕای کێشە زاراوەییەکانی ڕەوایەتی, ئاشکرایە کە هیچ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ناتوانێت بە بێ بوونی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامبێت, ئەمەش مانای وایە کە هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت دیموکراسی بچەسپێنێت ئەگەر خاوەن شێوەیەك لە شێوەکانی ڕەوایەتی نەبێت. ئەم ڕەوایەتییەش چی لە شێوەی قبوڵی نیگەتیڤدا بێت یاخود لە شێوەی قبوڵی پۆزەتیڤدا. (Held.١٩٩٦)

بەدەر لەمە دەتوانین چەمکی ڕەوایەتی بە شێوەیەکی باشتر تێبگەین گەر دابەشمانکرد بۆ سێ پێکهاتە:

**١.ڕەوایەتی جوگرافی**

ئەم ڕەوایەتییە مانای وایە کە ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتدا دەژین سنوورە هەرێمییەکانی ئەو دەوڵەتە قبوڵدەکەن, یان بەلای کەمەوە بەرهەڵستی ناکەن تەنها لە ڕێگەی میکانیزمە دەستوورییەکانەوە نەبێت. ئەگەر تاکەکان و گرووپەکان هەست بە ڕەوایەتی چوارچێوەی جوگرافی دەوڵەت نەکەن ئەوا پرۆسە سیاسییە دیموکراسییەکان دەکەونە ژێر هەڕەشەوە, لە حاڵەتی زۆر توندیشدا ڕەنگە ئەم هەڕەشەکردنە شێوەی بزووتنەوەی جوداخوازی لەئامێزبگرێت و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا بدات یان بچێتە پاڵ دەوڵەتێکیدیکە. کاتێکیش میکانیزمەکانی دیموکراسی بۆ بەجێهێنانی جیابوونەوە بۆ گرووپەکان فەراهەمنابێت ئەوا هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت ئەم گرووپانە پابەن بن بەپرۆسەکانی دیموکراسییەوەو, توندوتیژیش تاڕادەیەك دەبێتە کارێکی حەتمی. لە دواجاردا کارلێکە سیاسییەکان ئەستەمدەبێت کە بە شێوەیەکی دیموکراسی ڕووبدەن, بەلای کەمەوە لەو هەرێمانەی کە جێگەی کێشمەکێش و ناکۆکییە. نموونەی زۆر لەسەر ئام حاڵەتە هەیە وەك هەرێمی (باسك) لە باکووری ئیسپانیا, ئەریتریا ئەو کاتەی بەشێك بوو لە ئەسیوبیا, باکووری سیریلانکا و خەباتی

(تامیل)ەکان لەپێناو دەوڵەتێکی سەربەخۆ, هەروەها خەباتی شیشانییەکان لەپێناو جیابوونەوەیان لە روسیا. گەلێك نموونەیدیکەی لەم شێویە.

**١.رەوایەتی دەستووری**

رەوایەتی دەستووری ئاماژەیە بە رەزامەندی گشتی بۆ دەستوور, واتە بونیادی فەرمی ئەو بنچینەیەی کە رێکخستن و دابەشکردنی هێزە سیاسییەکان و کێبڕکی سیاسییەکانی لەسەر دیاریدەکرێت, لەگەڵ پێویستی لەبەرچاوگرتنی جۆرە جیاواز و مومکنەکانی رەزامەندی. دامەزراندنی بنەما دەستوورییەکان یەکێکە لە قورسترین لایەنەکانی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن, چونکە پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی بوارێکی بەرفراوان لەبەردەم بەرژەوەندییە جۆربەجۆر و ناکۆکەکاندا دەکاتەوە. هەندێك بەرژەوەندی بەهێز دەبێت و لە گۆڕان دەترسێت, هەندێکیتریش لاواز دەبێت و داوای گۆڕان دەکات. بەرژەوەندییەکانیش دەکرێت بەرژەوەندی ئابووری (خاوەن زەوییەکان)و بەرژەوەندی سیاسی یان دامەزراوەیی (پارتە سیاسییەکان یان ئەنجومەنەکانی یاسادانان) بەرژەوەندی وەزیفی (کارگێڕییە بیرۆکراسییەکان یان هێزە چەکدارەکان بەتایبەت لە ئەمریکاری لاتین)و بەرژەوەندییە چینایەتییەکان (کەناسەکان وەك لە بەرازیل هەیە)و بەرژەوەندییە ئەتنیکییەکان, بەرژەوەندییە هەرێمییەکان یان ئاوێتەی هەندێك لەم بەرژەوەندییانەش بێت. هەموو کۆمەڵەیەکیش هەوڵی زانینی چۆنێتی کاریگەری رێکخستنە تازەکانی دەستوور دەدات لەسەر بەرژەوەندیەکانی و هەروەها هەوڵی دەسەبەرکردنی پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە دەدات. بە روانین لە هەوڵی گرووپە جیاوازەکان بۆ کارکردنەسەر دەستوور و ناوەڕۆکەکەی, ئەوا رێککەوتنەکان و دانوستانەکان هەمیشە ئەستەم و قورسدەبێت. بەم شێوەیە چەسپاندنی دیموکراسی شانبەشانی قبوڵکردنی رەوایەتی سنووری سیاسی دەوڵەت پێویستی بە رەزامەندی دەستووریو شەرعی هەیە.

**٢.رەوایەتی سیاسی**

ئاماژەدەکاتە ئەو مەودایەی کە هاولاّتیان وادادەنێن کە سیستمی حوکمڕانی بالأدەست بە شێوەیەکی ئیجرائی مافی بەدەستەوەگرتنی دەسەلاّتی هەیە. واتە دەتوانرێت بوترێت کە حکومەت دەبێتە خاوەن رەوایەتی سیاسی کاتێك کە لە ئەنجامی هەلّبژاردنە کێبڕکییەکان و خواستەکانی هاولاّتیانەوە دروستدەبێت بەپێی رێسا و رێکخستنە دەستووری و دامەزراوەییەکان.

**١- رێککەوتنی گشتی (کۆدەنگی)**

**لەسەر بنچینەکانی پرۆسەی دیموکراسی**

بۆ ئەوەی سیستمی دیموکراسی مانەوە و بەردەوامی خۆی دەستەبەربکات پێویستە کە رێککەوتنێکی گشتی لەسەر بنچینەکانی پرۆسە سیاسییەکان و پابەندبوون پێیانەوە بوونی هەبێت, واتە پابەستبوون بە خودی پرۆسەی دیموکراسییەوە بەتایبەت لەنێوان بژاردە سیاسییەکاندا. لەبەرئەوەی کە کارلێکە سیاسییە دیموکراسییەکان کێبڕکێیەکی کراوە لەسەر دەسەلاّت لەخۆدەگرێت ئەوا پرۆسەی سیاسی دیموکراسی بە نەبوونی دلّنیایی جیادەکرێتەوە. لە راستیدا گۆڕان لە حوکمی دەسەلاّتگەرییەوە بۆ حوکمی دیموکراسی بە دیاریکراوی مانای وایە کە گرووپی دەستگرتوو بەسەر دەسەلاّت و هێزدا (هێزە چەکدارەکان لە ئەمریکای لاتین و تاکە حیزب لە ولاّتانی کۆمۆنیستی و سپیپێستەکان لە باشووری ئەفریقا) چیتر توانای کۆنترۆلّیان بەسەر دەرئەنجامەکانی پرۆسە و کارلێکە سیاسییەکاندا نەماوە, کە ئەمەش هۆی زیادبوونی پلەی نادلّنیایی دەرئەنجامە کۆتاییەکانی پرۆسەی دیموکراسییە.(Przewrski,١٩٨٦.pp٥٨).

چەسپاندنی دیموکراسی مانای پابەندی گشتی لایەنەکانە بەپرۆسە سیاسییەکانو ئەو نەبوونی دلّنیایەی کە لەخۆی دەگرێتو, قبولّکردنی ئەو ئەنجامانەی کە لەم پرۆسانەوە سەرچاوە دەگرێت, واتە قبولّکردنی خودی پرۆسەی دیموکراسی.

**٢- کۆتگەلێك لەسەر ناوەڕۆکی سیاسییەتە گشتییە تازەکان**

چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە هیچ گرووپێك بنچینەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن قبوڵبکات ئەگەر شکست هێنانی (سەرنەکەوتن لە هەڵبژاردندا) زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت, ئەمەش مانای وایە کە ئەگەر لەسەر دۆڕاوەکان پێویست بێت قبوڵی دەرئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسی بکەن, ئەوا لەسەر براوەکانیش پێویستە قبوڵی ئەوە بکەن کە کۆت و بەربەستی گرنگ لەسەر ئەو کارانە هەیە کە بە هێزە تازەکەیان دەتوانن بە ئەنجامی بگەیەنن. بەگوێرەی ئەم فاکترە یان (مەرجی سێیەمە), چەسپاندنی دیموکراسی پشت بە مومارەسەکانی لایەنە براوەکان دەبەستێت لەسەر میانڕەوی و لەبەرچاوگرتنی هەندێك بەربەست لە کاتی داڕشتنی سیاسەتە گشتییە جیاوازەکاندا. بە مانایەکیتر, ئەگەرەکانی چەسپاندن و سەقامگیربوونی دیموکراسییەتە تازە لەدایکبووەکان زیاددەکات ئەگەر بژاردەی فەرمانڕەوای تازە هەڵنەستن بە داڕشتنی سیاسەتگەلێکی گشتی وەها کەزیادەڕەو بێتو ببێتە مایەی وروژاندنی جیاوازی, بەتایبەت ئەگەر ئەم سیاسەتانە بە شێوەیکی ترسناك هەڕەشە لە بەرژەوەندیە بنەڕەتییەکانی ئەوانیدیکە بکات. لە راستیدا پێش کامڵبوونی پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی, واتە لە سەروبەندی رێککەوتن و سازشکردنەکاندا لەسەر بەربەستە سەپێنراوەکانی سەر گۆڕانەکانی سیاسەتی گشتی رێکەوتندەکرێت, دواجاریش هەر ئەمە بەشێکە لە خودی پرۆسەکە . ( Huntington.١٩٩١,١٩٩٢,pp.٦٠٦-٦١٥).

ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئەگەر جیاکاری لەنێوان قۆناغی گۆڕانی دیموکراسی و قۆناغی چەسپاندنی دیموکراسیدا گرنگ بێت ئەوا گرنگیشە درك بەوە بکەین کەپەیوەندی و بەردەوامی لەنێوان هەردوو قۆناغەکەدا هەیە. واتە ئەوەی کە لە ماوەی قۆناغی دیموکراتیزەکرندا روودەدات جێکەوتی گرنگی دەبێت لەسەر ئەوەی کە لەپاش خۆی روودەدات. باشووری ئەفریقا نموونەیەکی باش لەسەر ئەم حاڵەتە دەخاتە بەردەست,لەو رووەوە کە کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی لە ساڵی (١٩٩٤)دا زۆر هۆگر (حريص) بووە لەسەر هەڕەشەنەکردن لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی

كەمايەتييە سپيپێستەكان و بەرژەوەندييەكانی سەرمايە بە شێوەيەكی گشتی .(Leftwich.١٩٩٧.p.٥٢٩).

بە كورتی, پێويستی چەسپاندنی ديموكراسی و دەسەبەركردنی بەردەوامی سيستمی ديموكراسی تازە, لە كاتی داڕشتنی سياسەتە گشتييە جياوازەكاندا ميانڕەوی بەسەر بژاردەی تازەدا دەسەپێنێت. بە شێوەيەكی تايبەت ئەمە لە كاتێكدا جێبەجێدەكرێت ئەگەر رێكەوتنامەيەك لەنێوان بژاردەكاندا هەبێت لەسەر دانانی كۆتوبەند لەسەر سياسەتە گشتييە تازەكان لە سيستمی ديموكراسی تازەدا كە لە دەستووری تازەدا گەرەنتی دەكرێت. هەروەها كاتێكيش جێبەجێدەبێت ئەگەر سيستمی ديموكراسی تازە هەوڵی بەدەستهێنانی يارمەتی و وەبەرهێنان بدات لە وڵاتان و دامەزراوەو كۆمپانيا سەرەكييە رۆژئاواييەكان. هيچ يارمەتی و وەبەرهێنانێكيش پێشكەشناكرێت گەر ئەم لايەنانە وادابنێن سياسەتەكانی سيستمی تازە زيادەڕەو رێگە لە كارايی و پرۆسەكانی بازاڕی ئازاد دەگرێت, ئەمەش بايەخ و گرنگی بەردەوامی فاكتەرە دەرەكييەكان دەردەخات تەنانەت پاش تەواوبوونی (كامڵبوونی) پرۆسەی ديموكراتيزەكردنيش. لەلايەكيترەوە, لە كاتێكدا كە وا ديارە كۆتەكانی سەر سياسەتە گشتييەكان بەرجەستەی مەرجێكی ئيجرائی گرنگ لەسەر ديموكراسی دەكات, بەڵام كارێك نييە كە سيستمی ديموكراسی تازە پەسەندی بكات يان هەميشە بە ئاسانی بتوانێت گەرەنتی بكات, ئەمەش بەگوێرەی بارودۆخی سياسی ناوخۆيی و هەروەها بەپێی فشاربۆهێنان و مەرج بۆدانان و پشتبەستنی دەرەكی دەبێت.

## ٣- جێكەوتی بارودۆخی ئابووری (هەژاری)

## لەسەر چەسپاندنی دیموكراسی

پێش دەستپێكردنی شەپۆلی سێیەمی دیموكراسی, دەگمەن بوو لە وڵاتە زۆر هەژارەكاندا سیستمی دیموكراسی چەسپاو بەهێزبوونی هەبێت. بە پێچەوانەی ئەمەوە, پەیوەندێكی پۆزەتیڤی بەهێز لەنێوان ئاستی سامانی ئابووری و دیموكراسیدا هەبوو, وڵاتی هیند تاكە ریزپەڕێكی گرنگە لەنێوان دیموكراسییەتە تازەكاندا. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە كۆمەڵگا زۆر دەوڵەمەندەكان بە شێوەیەكی میكانیكی بەتوانا بن لەسەر چەسپاندنی دیموكراسی. (Huntington.١٩٨٤.pp.١٩٨-١٩٩) و (Lipset.et.al.١٩٩٣.p.١٥٦)

بەڵگە ئەمبریقیەكان ئەوە رووندەكەنەوە كەپێشساڵی (١٩٩٠), بە هەندێك ریزپەڕی كەمەوە, زۆربەی وڵاتە تازە گەشەكردووەكان كە تێكڕای دەسەهاتی تاكەكەس ساڵانە لە (٦٠٠$) كەمتر بووە نەیانتوانیوە سەركەوتووبن لەرچەسپاندنی دیموكراسی لیبراڵیدا. بەراورد بەمە, ئەو وڵاتە تازە فەراژووبووانەی كەرتوانییان دیموكراسی بچەسپێنن, وەك فەنزەویلا و كۆستاریكا و ئەوانیدیكە, تێكڕای دەسەهاتی تاكەكەسیان بە شێویەك بەدەستهێنا كە ساڵانە لە (٦٠٠)$ تێپەڕی كردووە. (World Bank.١٩٩٥). لە گرنگترین ئەو هۆكارانەی كە وا دەكات هەژاری توند (خنكێنەر) فاكتەرێكی رێگربێت لە بەردەم چەسپاندنی دیموكراسیدا, ئەوەیە كە ململانێ لەسەر دەرامەتە دەگمەنەكان و ئەو جیاوكە گەورانەی كە لە ئەنجامی كۆنترۆڵی تەواوەوە بەسەر دەوڵەتدا لە وڵاتە هەژارەكاندا دێتەكایەوە وادەكات دیموكراسی كارێكی ناچاوەڕوانكراو بێت, چونكە ئەوانەی كە دەستیان بەسەر پێگەكانی دەسەڵاتدا گرتووە دوودڵن لە چوونە ناو چارەسەرەكان و ئارەزووی وازلەدەسەڵاتهێنان ناكەن, لە دواجاریشدا بۆ دەسەبەركردنی مانەوەیان هەڵدەستن بە راگرتنی پرۆسە و دامەزراوە دیموكراسییە لەدایكبووەكان. هەروەها

هەمیشە هەژاری هاوەڵدەبێت لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی نەخوێندەواری و ئاستگەلێکی زۆر نزمی فێرکردنی فەرمی و دواکەوتوویی میکانیزمەکانی پەیوەندیکردن. هەموو ئەمانەش بەسەر یەکەوە بە درێژایی مێژوو گرێدراو نەبوونە لەگەل دەوڵەتە دیموکراسییە سەقامگیر و چەسپاوەکاندا.

ئەو گۆڕانە دیموکراسییەی کە لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتە هەژارەکاندا, لە پاش ساڵی (١٩٩٠) ڕوویداوە, بایەخی پێکەوەگرێدانی پۆزەتیڤی لەنێوان دەوڵەمەندی و دیموکراسیدا کەمکردەوە, ئەم پرسەش هێشتا بنبەست نەبووە, چونکە ئەگەر ئەم وڵاتانە لە سەدەی بیست و یەکدا لە چەسپاندنی دیموکراسیدا شکستیانخوارد ئەوا ئەو کاتە گریمانەی گرێدانی دیموکراسی بە دەوڵەمەندی و گەشەپێدانی ئابوورییەوە گرنگی گەورە و بایەخپێدانی تازە بۆ خۆی دەستەبەردەکات, بەڵام ئەگەر وڵاتە هەژارەکان توانیان سیستمی دیموکراسی خۆیان بچەسپێنن ئەوا گرنگی ئەم پێکەوەگرێدانە بە خێرایی قەتیسدەبێت (سنووردار دەبێت).

## ٤- جێکەوتی ململانێ ئەتنیکی و ئاینی و کلتورییەکان لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی

بەڵگەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە جیاوازییە ئەتنیکی و ئاینی و کلتوورییەکان (بەتایبەتی ئەگەر ئەم جیاوازییانە تێهەڵکیش بوو لەگەڵ نەبوونی یەکسانی ئابووری لەنێوان گرووپەکاندا) وادەکات هەنگاونان بەرەو پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی و لە پرۆسەی چەسپاندنی دیموکراسی قورستر بێت. بە دڵنیایەوە زاڵبوون بەسەر ئەم جیاوازییانەدا ئەستم نییە لە دیموکراسییە تازەکاندا, وەك ئەو بارەی کە لە وڵاتی (سویسرا و کەنەدا و بەلجیکادا) هەیە. بەڵام ئەم کارە پێویستی بەوە هەیە کە ڕێکخستنە دەستوورییەکان بە وردی و دیقەت و بە ئاگایەکی زۆرەوە دابنرێت, هەروەها گەیشتن بە پەیماننامە و ڕێکەوتن لەنێوان بژاردە سیاسییەکاندا تاوەکو بتوانرێت پارێزگاری لە بەردەوامی سیستمی دیموکراسی بکرێت, هەروەها

گرێدانی کۆی گرووپە جیاوازەکان بە بونیادە دامەزراوەییەکانی دیموکراسییەوە. بەڵام لە کاتی نەبوونی ئەو بارودۆخ و مەرجانەی هاوسەنگی بووندا, ئەوا ئەم دابەشبوون و جیاوازییانە وادەکات پارێزگاری لە دیموکراسی و چەسپاندنی کارێکی ئاساننەبێت. یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی هەرەسهێنانی دیموکراسی لە ئەوروپادا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا لە سەدەی بیستەم ناکۆکییە کلتوری و نەتەوەییەکان بوو کە باڵادەست بوو بەسەر ئەو ماوەیەدا.

هەروەها ململانێ ئەتنیکی و ئاینی و کلتوری و نەتەوەییەکان لە ئەفریقا و ئاسیا و یۆگسلافیای جاراندا لە گرنگترین فاکتەرە رێگرەکانی بەردەم گۆڕان و چەسپاندنی دیموکراسی بوون لەو وڵاتانەدا کە بە توندوتیژی ئەم ململانێیانە جیادەکرانەوە. (Leftwich,١٩٩٧.p.٥٣١)

بە کورتی, ململانێی تیژی ئەتنیکی یان ئاینی یان نەتەوەیی یان کلتووری دەتوانێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەلی خوڵقاندنی کۆدەنگی و رێکەوتنی گشتی لەسەر پرۆسە و رێکخستنە سیاسییە دیموکراسییەکان. لە نموونەی ئەم جۆرە بارانەدا, ئەم جیاوازییانە دەبنە چوارچێوەی مەرجەعی بۆ ئامادەباشیی سیاسی, زۆرجاریش بە رێکخستنە دژەوانەکانی دیموکراسی. رەنگە نەتوانرێ پرۆسە سیاسییەکانی دیموکراسی بچەسپێنرێت ئەگەر گرنگی و کاریگەری دڵسۆزییە (الولاو) ئەتنیکی و ئاینی و کلتورییەکان لەسەر بواری تایبەت کورتنەبنەوە و هەروەها ئەگەر بەهای پابەندبوون بە هاوڵاتیبوونی گشتی و هاوبەشییەوە بە شێوەیەکی فراوان بڵاونەبێتەوە.

دەرەئەنجام

لە زۆربەی ئەدەبییاتەکانی دیموکراتیزەکردندا ئەو باوەڕە هەیە کەپرۆسە سەرکەوتووەکانی گۆڕانی دیموکراسی لە رێگەی ئەو رێکەوتنامانەوە روودەدەن کە بژاردەی سیاسی لەسەری رێکدەکەون, بەتایبەت ریفۆرمخوازەکانی ناو سیستمی

دەسەڵاتگەری و میانڕەوەکانی ناو ئۆپۆزسیۆن. ئەم پرۆسەیە چەختدەکاتە سەر رۆڵی یەکلاییکەرەوەی بژاردە و سەرکردە سیاسییەکان لە دەستپێشخەری بۆ گۆڕانی دیموکراسی. بەڵام زۆرجار ئەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە دامەزراندنی دیموکراسی سنووردار و ئیجرائی و پاریزگارخوازی لێدەکەوێتەوە لە جیاتی ئەوەی کە کاربکات لەپێناو خستنەناوەوەی گۆڕانی ریشەیی لە کۆمەڵگادا.

ئەگەر ویستمان لە شێوازی هاریکاری نێوان بژاردەی فەرمانڕەوا و بژاردەی ئۆپۆزسیۆن و رێکەوتنامە و رێکەوتنە گشتی و میانڕەویی و گۆڕانی پلەییەی کە دەگرێتەوە یان لە شێوازی ئۆپۆزسیۆن و شۆڕش و ململانێ و گۆڕانی خێراوە، رادەی ئەگەری دەرکەوتنی شێوەکانی دیموکراسی سەقامگیر و چەسپاومان هەڵسەنگاند ئەوا دەتوانین ئەو ئەنجامە بەدەستبهێنین کە دەرکەوتنی شێوەکانی دیموکراسی سەقامگیر و چەسپاو لە حاڵەتی هەژموونی شێوەی یەکەمی دیموکراتیزەکردندا زیاتر ئەگەری هەیە و چاوەڕوانکراوە. چونکە ماوەیەکی زەمەنی دەبەخشێتە بژاردەی سیاسی کە رازیبێت لەسەر رێکخستنە سیاسییە دیموکراسییە تازەکان و ئەگەری بەردەوامی و ریشەداکوتانیشی بتەودەکات. بە واتایەکیتر، ئەگەرەکانی چەسپاندنی دیموکراسی کاتێك زیاددەکات کە بارودۆخ و رەوشی بنەڕەتی پشتیوانی بێت وەك هاوکاری، رێکەوتنی گشتی، گۆڕانی میانڕەویی پلەیی. هەروەها کاتێکیش کە ژمارەیەکی شیاو گەمەکەری سیاسی هەبێت، ئەوانەی کە ئەولەوییەتی بەرز دەبەخشنە بەها و ئامانج و رێکخستنە دیموکراسییەکان، ئەوانەش کە مەهارەتی پێویستیان هەیە بۆ ئاکتیڤکردنی. لە کاتی نەبوونی ئەم مەرج و بارودۆخانەشدا ئەگەرەکانی چەسپاندنی دیموکراسی کەمدەبێتەوە. ئەمەش گرنگی پەیوەندی کارلێکاری نێوان بونیاد و کرداری مرۆیی دەردەخات، چونکە دەرئەنجامە سیاسییەکان بە تەنیا بە کۆمەڵێك لە فاکتەرە بونیادییەکانەوە گرینادرێن، بەڵکو دەبەسترێتیش بەو بڕیارانەی کە گەمەکەرە سیاسییەکان بڕیاریدەدەن، ئەو کاتەش کە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی

کاردەکاتە سەر ڕێڕەوەکانی دیموکراسی, ئەوا تێگەیشتنی ئەم ڕێڕەوانە پێویستی بە شیکردنەوەی ڕۆڵی کرداری مرۆیی و کارلێکردنی دەبێت لەگەڵ بونیادی سیاسی و کۆمەلایەتیدا لە ڕەوتەکان و بارە جیاوازەکاندا.

پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بە بوونی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان و ئامانجە پێچەوانەکان (دژەوانەکان) جیادەکرێتەوە. لەبەرئەوی کە ئەم ئامانجانە پێکەوە و لە یەککاتدا بەجێنایەن, ئەوا پێوستە ئالوگۆڕکاری و هەلبژاردنی قورسبوونی هەبێت. بەلام دەستکردن بەم ئالوگۆرکردن و هەلبژاردنانە لە چوارچێوەی ڕەوتی پرۆسە و کارلێکە سیاسییە دیموکراسییەکاندا هەرگیز کارێکی ئاسان نییە, لە کاتێکدا کەسیش بانگەشەی ئەوە ناکات کە دیموکراسی کارێکی ئاسانە.

**سەرچاوەکان**

١- Ake, (٢٠٠٠), the Feasibility of Democracy in Africa, Dakar: Council for the Development of Social Science in Africa.
٢- Anderson, L. (ed.) (١٩٩٩), Transition to Democracy, New York: Columbia University Press.
٣- Bhalla, S. (١٩٩٤), "Freedom and Economic Growth: A Virtuous Cyele", Quated in Ake, op. cit.
٤- Bollen, K. and Lakman, R. (١٩٨٥), "Political Democracy and the Size Destruction of Income", American sociological Review, ٥٠, PP. ٤٣٨- ٤٥٧.
٥- Bratton, M and van de Walle, N. (١٩٩٤), "Neopatrimonial Regime and Political Transitions in Africa", World Politics, ٤٦, PP. ٤٥٣- ٤٨٩.
٦- Coleman, j, (١٩٩٤), "The Polities of Sub-Sahara Africa", in G. Almond and J. Coleman (eds). Politics of the Development Areas, Princeton: Princeton University Press.
٧- Cut right, P. (١٩٦٣), (National Political Development: Measurement and Analysis", American Sociological Review, ٢٨, PP. ٢٥٣- ٢٦٤.
٨- Dahl, R. (١٩٧١), Polyarchy: Participation and Opposition, New Haven: Yale University Press.
٩- Diamond, L. (١٩٩٢), "Promoting Democracy", Foreign Policy, ٨٧,pp. ٢٥٣- ٢٦٤.
١٠-Diamond , L. (١٩٩٣), " The Globalization of Democracy", in R. Slaster, B. Schutz and S. Dorr (eds), Global Transformation and the Third World, Boulder: Lynne Rienner, PP. ٣١-٧٠.
١١-Diamond, L. (١٩٩٣), "Developing Democracy": Toward Consolidation, Baltimore: Johns Hopkins University Press.
١٢-Geddes, B. (٢٠٠٣), Paradigms and Sand Castles: Theory Building and Research Design in Comparative Politics, Ann Arbor: The University of Michigan Press.
١٣-Giddens, A. (١٩٩٣) Sociology, (second edition), Cambridge: Polity Press.
١٤-Grossman, H. and Noh, S. (١٩٨٨) Proprietary Public Finance, Political Competition and Regulation. IMF Seminar series, No. ٨. Quoted in Ake, op. Cit.
١٥-Haynes, J. (٢٠٠١), Democracy in the Third World, Cambridge: Polity Press.
١٦-He, B. (٢٠٠٢), "Civil Society and Democracy", in A. Carter and G. Stokes, (eds), Democratic Theory, Cambridge: Polity Press.

١٧-Held, D. (١٩٩٦), Models of Democracy, (saocnd Edition), Cambridge: Polity Press.
١٨-Huntington, S. (١٩٨٤). "Will more countries become Democratic?" Political Science Quarterly, Vol. ٩٩, No.٤, PP. ١٩٣- ٢١٨.
١٩-Huntington, S. (١٩٩١/ ١٩٩٢), "How Countries Democratize", Political Science Quarterly, vol. ١٠٦, No. ٤, pp, ٥٧٩- ٦١٦.
٢٠-Huntington, S. (١٩٩١/ ١٩٩٢), The Third wave: Democratization in the late twentieth century, Norman: University of Oklahoma Press.
٢١-Joseph, R. (١٩٩٨) , " Africa, ١٩٩٠- ١٩٩٧: from Aperture to Closure:, Journal of Democracy, ١٠, ١, PP ١١٢- ١٧.
٢٢-Karatnyeky, A, (١٩٩٤), " The decline of liberal Democracy:, Journal of Democracy, ١٠, ١, PP, ١٢- ٢٥.
٢٣-Leftwich, A. (١٩٩٧), " Conclusion:, in D. Potter, D. Goldblatt, M, Kiloh and P. lewis (eds) Democratization, Cambridge: Policy Press, PP. ٥١٧- ٥٣٦.
٢٤-Lijphart, A. and Waisman, C. (١٩٩٦)" Conclusion:, in A. Lijphart and C. and Waisman (eds) Institutional Design in New Democracies, Boulder: West view, PP. ٢٤٠ – ٢٦٤.
٢٥-Linz, J. (١٩٩٠), "Transitions to democracy", Washington Quarterly, ١٣, ٣, PP. ١٤٣- ١٦٤.
٢٦-Linz, J. and Stepan, a (١٩٧٨), The Breakdown of Democratic Regime Baltimore: Johns Hopkins University Press.
٢٧-Lipset, S. (١٩٥٩), " Some Social Requisites of Democracy: Economic Development and Political Legitimacy", American Political Science Review, ٥٩, PP. ٦٩- ١٠٥.
٢٨-Lipset, S. (١٩٦٠), Political Man: The Social Basses of Polities, Garden City, New York; Doubleday.
٢٩-Lipset, S, (١٩٩٤)," The Social Requisites of Democracy Revisited", American Sociological Review, ٥٩, ١, PP. ١-٢٢.
٣٠-Lipset, S., Seong, K. and Torres, J. (١٩٩٣), A Comparative Analysis of the Social Requisites of Democracy:, International Social Science Journal, Vol. ١٣٦, PP. ١٥٥-١٧٥.
٣١-Mainwaring, S,. O Donnell, G., and Valenzuela, j. (eds), (١٩٩٢) Issues in Democratic Consolidation, South Bend: University of Notre Dame Press.
٣٢-Moore, B. (١٩٦٦), Social Origins of Dictatorship and Democracy, Boston: Beacon Press.

٣٣-O Donnell, G. (١٩٩٢)" Transitions, Continuities, and Paradox", in Mainwaring, S. et al., (eds) op. eit, PP. ٢٤-٥٢.
٣٤-O Donnell, G., Schmitter, P.and Whiteheand, L, (eds) (١٩٨٦), Transitions From Authoritarian Rule (٤ Vols), Baltimore: Johns Hopkins University Press.
٣٥-Olson, M. (١٩٩١) " Autocracy, Democracy and Prosperity:, in R. J. Zeckhauser (ed), Strategy and Choice, Cambridge, Mass: MIT Press. Quoted in Ake, op, eit.
٣٦-Potter, D., Goldblatt, D., Kiloh, M. and Lewis, P. (eds) (١٩٩٧), Democratization, Cambridge: policy Press.
٣٧-Przeworski, A, (١٩٨٦), "Some Problems in the Study of the Transition to democracy", in G. O donnell et al., op. eit., PP. ٤٧- ٦٣.
٣٨-Przeworski, A, (١٩٩١), Democracy and the Market: Political and Economic Reform in Eastern Europe and Latin America, Cambridge: Cambridge University Press.
٣٩-Rueschemeye, D, Stephens, E. and Stephens, J. (١٩٩٢), Capitalist Development and Democracy, Cambridge: Polity Press.
٤٠-Rustow, D. (١٩٧٠)" Transition to Democracy: Toward a Dynamic Model", Comparative Politics, ٢, ٣, PP. ٣٣٠ -٥٦.
٤١-Shin, Y. and Linz, J. (eds) (١٩٩٥), Between States: Interim Governments and Democratic Transition, Cambridge: Cambridge University Press.
٤٢-Shin, D. (١٩٩٤), " On the Third Wave of Democratization: A Synthesis and Evaluation of Recent Theory and Research," World Politics, ٤٧, PP. ١٣٥-١٧٠.
٤٣-World Bank, (١٩٩٥), World Development Report ١٩٩٥, New York: Oxford University Press.